٣٧٥

میخائیل شۆلۆخۆف

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

چارەنووسی ئادەمیزاد

دوکتۆر
ئەورەحمانی حاجی مارف
لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی

محەمەدی مەلاکەریم
پێیدا چووەتەوە

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

میخائیل شۆلۆخۆف

چارەنووسی ئادەمیزاد

دوکتۆر
ئەورەحمانی حاجی مارف
لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی

محمدی مەلاکریم
پێیدا چوەتەوە

چاپخانەی "الحوادث"
بەغدا - ١٩٨٠

ميخائيل شولوخوف

مصير انسان

human's fate

ترجمة عن اللغة الروسية
الى اللغة الكردية

الدكتور عبدالرحمن معروف

وراجعه

محمد الملا عبدالكريم

شۆلۆخۆف

ئێمە خاوەنی ئەم بەرهەمە نین • بەشی ئێمە هەر ئەوەندەیە هەوڵمانداوە کارێک بکەین خوێندەواری کورد بتوانێ لە ڕێگای ئەم ڕازەوە ئاگاداری چارەنووسی مرۆیەک بێ کە لەپێناوی بەختەوەریی ئادەمیزاددا ئەو گشتە مەینەتەی هاتوەتەڕێ ••

بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین بەری ڕەنجەکەمان پێشکەش بە هەموو ئەوانە بکەین کە بەختەوەریی خۆیان لە خەباتا بۆ دوایی پێهێنانی کلۆلیی بەرەی ئادەمیزاد بەدیدەکەن •



له دۆنی سەروو ، یەکەم بەهاری دوای شەڕ بەهارێکی تەواوو لە کاتی خۆدا ــ گەیشتوو بوو • لە کۆتاییی مانگی مارتدا بای گەرم لە (پریزۆفی)یەوە دەستی بە هەڵکردن کرد• لە ماوەی دوو شەوو دوو ڕۆژدا بەفری بەری چەپی دۆن یەك پارچە توایەوەو لم دەرکەوت • بەفری زۆری دەشتو شیوو دۆڵ کەوتە توانەوە • سەهۆڵ درزی تێبوو • جۆگەو ڕووباری دەشتەکان کەوتە هاژە هاژ • ڕێگاو بانەکان زوربەیان بڕان •

لەم کاتە بێ ڕێـگاو بانـەدا ، دەبـوو بچـم بۆ وێستـگەی (بووکانۆڤسك) • بەرلەوەی خۆر هەڵبـێ لـەگەڵ هاوڕێـکەم کەوتینەڕێ • هەرچەندە ڕێگاکەش ئەوەندە دوور نەبوو ــ هەمووی هەر شەست کیلۆمەترێك دەبوو ــ ، بڕینیشی هێندە ئاسان نەبوو • جووتێ ئەسپی تێر ، زۆر بە زەحمەت عەرەبانەکەیان پێ ڕادەکێشرا • پێچکەی عەرەبانەکە تا نیوەی لە قوڕو چڵپاوی بەفرو سەهۆڵدا نقوم بووبوو • پاش سەعاتێك لەسەر پشتو بن زینی ئەسپەکان ، لەژێـر قایشی تەنگی ئەملاو ئەولایاندا کەفی وەك پەموو سپی پەیدا بوو • لە شنەی شەماڵی خاوێنی بەرەبەیاندا بـۆنی ئارەقـەی ئەسپـەکان دەهاتو تنۆکی گەرمەوەبوو لالغاوەیانی چەور دەکرد •

لەوشوێنانەدا کە بەتایبەتی بۆ ئەسپەکان زەحمەت بوو ، ئێمە لە عەرەبانەکە دادەبەزینو بە پێ دەڕۆیشتین • بەفری نەرم بوەوە لەژێر پوستاڵەکانماندا خرمەی دەهات • ڕۆیشتن زەحمەت بـوو ، بەڵام لە لاڕێکاندا سەهۆڵ هێشتا توند بوو و لەبەر تیشکی هەتـاو بریقەی دەهات • تێپەڕین بێرەدا زەحمەتر بوو • دوای شـەش سەعاتێك تەنیا سی کیلۆمەترمان بڕیبوو و گەیشتبووینە ئەو شوێنەی دەبوو لەوێدا لە ڕووباری (ئیلانکا) بپەڕینەوە •

ئیلانکا ڕووبارێکی بچووکە ، هاوینـان لە هەنـدێ شوێنـدا وشكدەکا • لەوکاتەدا بەرانبەر گوندی (مۆخۆڤسك) ، لە شوێنێکی زەلکاوی پڕ درەختدا نزیکەی بـە پانـایی کیلۆمەترێـك ئـاوی ڕووبارەکە بڵاوبووبوەوە • دەبوو بە بەلەمێکی بن پان بپەڕینـەوە

ئەوبەر کە لە سێ کەس زیاتری نەدەگرت • ئەسپەکانمان لەمبەرەوە بەجێهێشت • لەوبەرەوە لە عەمباری کەڵخۆزێکدا ئۆتۆمۆبیلە کۆنێکی دنیادیدە کە هێشتا زستان بوو لەوێ بەجێمانهێشتبوو ، چاوەڕوانیی دەکردین • بە دووقۆڵی لەگەڵ شۆفێری ئۆتۆمۆبیلەکە سواری ئەو بەلەمە خەتەرە بووین • هاوڕێکەم لەگەڵ شتومەکەکانمان لەمبەر ڕووبارەکە مایەوە • هەر کە لە قەراخی ئاوەکە ترازاین ، لە بنە ڕزیوە کونکونەکەی بەلەمەکەوە ئاو قوڵەقوڵ وەك فوارە هاتە ناوەوە • چی لە بەردەستدا بوو خێرا ئاخنیمانە کونەکانی ئەو تەشتە بێکەڵکەوە ، بەڵام تا گەیشتینە جێ هەر خەریکی ئاو دەردان بووین • پاش سەعاتێك گەیشتینە ئەوبەری ئیلاٚنکا • شۆفێرەکە ئۆتۆمۆبیلەکەی لە گوندەکەوە هێنا • چووە لای بەلەمەکەوەو دەستی دایە سەوڵەکانیو گوتی :

ـ ئەگەر ئەم بەلەمە ڕزیوە لە ئاوەکەدا لەتوپەت نەبێ ، ئەوە پاش دوو سەعاتێك دێینەوە • بەر لەوەندە چاوەڕوان مەبە •

گوندەکە بە پانایی کەناری ڕووبارەکەدا کشابوو • لەسەر ڕۆخی کەنارەکەش بێدەنگییەکی ئەوتۆ بوو کە تەنیا لە کۆتایی پایزو سەرەتای بەهاردا لە شوێنی چۆڵو کەس تێدا نەبوودا هەیە • لە ئاوەکەوە هەوایەکی تەڕی شێدار دەهات • بۆنی توندو تیژی درەختی ڕزیو پیاوی کاس دەکرد • بەڵام لە دەشتە دوورەکانەوە کە لە تەمو مژدا نقوم بووبوون شەماڵێکی نەرمی هەمیشە بەهاری

دەهێنا کە بە هەزار حاڵ بۆنی خۆشی زەویی تازە لەژێر بەفر ئازادبووی دەگەیاندە بڕناخمان •

لە نزیك لمی قەراخ ئاوەکەوە پەرژینێکی کەوتووی لێ بوو ، لەسەری دانیشتم • ئارەزووی جگەرە کێشانم کرد • دەستم کرد بە گیرفانی لای ڕاستی کورتەکە لبادەکەمدا • بەڵام ، بەوپەڕی داخەوە ، دیتم پاکەتەکەم هەمووی تەڕ بووە • کە لە بەلەمەکەدا بووین شەپۆلێکی گەورەی هێناو ئاو بەسەر دیواری نزمی بەلەمەکەدا هاتە ناوەوە • ئاوی قوڕاوی تا ناوقەدم هات • لەودەمەدا من کاتی ئەوەم نەبوو بیر لە جگەرەکانم بکەمەوە • دەبوو سەوڵەکە دانێمو خێرا خێرا ئاو دەردەم بۆئەوەی بەلەمەکە نقوم نەبێ • کەچی ئێستا داخ بۆ کەمتەرخەمیی خۆم دەخۆم • پاکەتەکەم بە هێواشی لە گیرفانم دەرهێنا • لەسەر چیچکان دانیشتمو جگەرەکانم یەکە یەکە لەسەر پەرژینەکە هەڵخست •

دەمەو نیوەڕۆ بوو ، خۆر ، وەك لە مانگی مایسدا ، تیشکی گەرم بوو ، بەهیوا بووم جگەرەکانم زوو وشك ببنەوە • پەشیمان بووم کە ئەو جلە ئەستوورەم لەبەرکردبوو • لەڕاستیدا ئەمە یەکەم ڕۆژی گەرمی دوای زستان بوو • دانیشتن لەسەر پەرژینەکە ، وا بە تەنیاو بەو بێدەنگی‌یە قووڵە ، زۆر خۆش بوو • کڵێتە کۆنە ئەستوورەکەم لەسەرم داگرتو قژە تەڕە ئارەقاوی‌یەکەم کە لەئەنجامی ئەو هەموو سەوڵ لێدانەوە ئارەقەی کردبوو تەڕ بووبوو ،

هەناسەیەکی دا • بێ بیرکردنەوە دەمڕوانی‌یە قەتارەی پەڵە هەوری ڕەش •

زۆری پێنەچوو دیم لە خانووەکانی سەرووی دێوە پیاوێك بە شەقامەکەدا دەڕوات ، دەستی کوڕێکی بچووکی گرتووە بە باڵایدا دیارە پێنج شەش ساڵانە زیاتر نا • کابراو کوڕەکە ماندووانە هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە • دەیانویست بپەڕنەوە ، بەڵام ڕووی ڕێیان بەرەو لای من گۆڕی • پیاوێکی باڵابەرزی پشت کۆم نزیك بوەوەو بە دەنگێکی گڕی نووساو گوتی :

- براله ، ڕۆژباش !

- ڕۆژباش !

دەستە گەورە چرچەکەشیم کە بۆی درێژ کردبووم ، گوشی • پیاوە لای‌کردەوە بە لای کوڕەکەداو گوتی :

- ڕۆڵە ! مەرحەبا لە لالەت بکە • ئەویش وەك من شۆفێرە • تەنیا ئەوەندە هەیە منو تۆ سواری لۆری بووبووین ، بەڵام ئەو ، ئەو ئۆتۆمۆبیلە بچووکە دەهاژوێ •

کوڕە ، ڕووناك وەك ئاسمانێکی بێ‌گەرد ، ڕێك چاوی بڕی‌یە چاوەکانمو بە کەمێ زەردەخەنەوە ، ئازایانە دەستە بچکۆلە ساردو سڕە سوور هەڵگەڕاوەکەی بۆ درێژکردم • منیش سووکێك دەستیم ڕاوەشاندو لێم‌پرسی :

ـ پیرەمێرد ! ئەوە چی‌یە ، بۆچی وا دەستت ساردە ؟ خۆ دنیا گەرمی کردووە ، کەچی تۆ سەرماتە •

کوڕە بە هەستێکی ناسكو بڕوایەکی منداڵانەوە باوەشی بە ڕانمدا کردو بە سەرسامی‌یەکەوە بڕۆ سپی‌کارەکانی هەڵبڕی :

ـ خاڵە ! من کەی پیرەمێردم ؟ من هێشتا منداڵمو هیچ سەرماشم نی‌یە • دەستەکانیشم کە ساردن ، لەبەرئەوەیە یاریم بە بەفر کردووە •

باوکە ، توورەکەکەی کە هەندێ شتومەکی تێدابوو لە کۆڵی خۆی داگرتو ، بە بێ‌هێزی‌یەکەوە لە تەنیشتم دانیشتو گوتی :

ـ نەگبەت خۆم لەگەڵ ئەم ڕێبوارەدا • بەهۆی ئەوەوە بنی پێم سوا • کە هەنگاوی گەورە هەڵدێنێتەوە ، دەبێ ئەو بکەوێتە نەرمە ڕەوت • جا ئیتر وەرەو بەپێی ئەو بڕۆ • لەوشوێنەی من پێویستە یەك هەنگاوی بۆ هەڵبهێنمەوە ، دەبێ سێ هەنگاوی بۆ بنێم • بەمجۆرە وا ناڕێكو ناقۆلا ڕێ‌دەکەین ، وەك ئەسپو کیسەڵ • زیاد لەوە دەشبێ هەردەم چاوێکت لێی بێو ئاگاداری بیت • هەر تۆزێك ڕوو وەرچەرخێنێ ، کاتێکت زانی چووەتە ناو جۆگەلەیەکەوە یان پارچە سەهۆڵێکی بەدەستەوەیە وەك نوقوڵ دەیمژێ • نەوەڵلا ئەمە کاری پیاو نی‌یە لەگەڵ ئەم چەشنە ڕێبوارانەدا بە دنیای بەریندا بگەڕێ • کابرا کەمێك بێ‌دەنگ بوو • جا پرسیی :

ـ براله ! ئـەی تـۆ چـی دەکـەی ؟ دیـارە چـاوەڕوانی سەرۆکەکەتی •

بەلامەوە جوان نەبوو لە خەیالی بدەم‌و پێی‌بلێم من شۆفێر نیم • بۆیە لە وەلامدا گوتم :

ـ چار چی‌یە دەبێ چاوەڕوانیی بکەم •

ـ بەلێ •

ـ نازانی بەلەمەکە زوو دەگاتە ئێرە ؟

ـ پاش دوو سەعاتێك •

ـ کەم نی‌یە • قەی‌ناکا • جـارێ دەحەسێنـەوە • پەلـەم چی‌یە ؟ لەم‌نزیکەوە دەڕۆیشتم ، تەماشام کرد برای شۆفێرم خۆی لەبەر هەتاو هەلخستووە • بیرم کردەوە ، گوتم دەچم جگەرەیەکی لەگەل دەکێشم • چ جـگەرەکێشـان بێ‌و چ مـردن بەتەنیا تالی‌و مەینەتە • دیارە دەولەمەندی بۆیە ئەو جۆرە جگەرانە دەکێشی • قەدریشیان نازانی بۆیەت تەڕکردوون • ئای برا ، چ‌تووتنی تەڕو چ ئەسپی بەرەللا بەکەلکی هیچ نایەن • باشترە وەرە زەلە تونـدو تیژەکەی من بکێشین •

دەستی‌برد دەستەسڕێکی سووری پڕتووکاوی گرمۆلەکراوی ئاوریشمی لە گیرفانی پانتۆلە خاکی‌یە هاوینی‌یەکەی دەرهێنا • کە کردی‌یەوە فریای خوێندنەوەی ئەوە کەوتم کە لەسووچێکیدا بە چنین لێی نووسرابوو : « بۆ جەنگاوەری خۆشەویست ـ لە قوتابی‌یـانی

کچی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی ناوەندییی لێبیدیانەوە » •

توندو تیژترین جگەرەی دەستپێچمان کێشاو ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بووین • من ویستم لێی بپرسم لەگەڵ ئەو منداڵە بۆ کوێ دەچێو چ پێویستێك ئەو ڕێگایەی وەبەر ناوە ؟ بەلاّم ئەو لە پرسیاردا پێشمکەوت :

ـ بۆچی ئەوە تۆ سەرانسەری جەنگ هەر لەسەر سوکان بووی ؟

ـ نزیکەی سەرانسەری ••

ـ لە مەیدانی شەڕدا ؟

ـ بەڵێ •

ـ ئای براله ! منیش تا لە لووتمەوە سەری کرد لەو تاڵیو مەینەتەم نۆشی •

دەستە بۆرە گەورەکانی لەسەر ئەژنۆی داناو نووشتایەوە • لەلاوە تەماشایەکم کرد • تێکچووم • بینیوتانە کە چاو پڕ دەبێ لە خۆڵەمیش وای لێدێ هەڵنایەو ماتەمیی مەرگی لێ دەنیشێ • چەند گرانە بنیادەم بەو چاوە تەماشای شت بکا • چاوی ئەو تازە بە ڕێکەوت ناسیاوەم ئا بەوجۆرە بوو •

چیلکەیەکی خواری وشکی لەو کۆمەڵە چیلکەی لەتەنیشتیەوە بوو ـ هەڵگرتو لە تاوێکی بێدەنگیدا بە خۆڵەکەی بەردەمیدا هێناو

هەندێ وێنەی مانابەخشی کێشا ، جا کەوتەوە قسە :

ـ جاری وا هەیە شەو ناخەوی ، تەماشای تاریکایی دەکەی و بیردەکەیتەوە : « ژیان ! تۆ لەبەرچی منت وا شەل و ئیفلیج کردووە؟ لەبەرچی وا دەستت ناوەتە بینەقاقەم ؟ من نە لە تاریکی و نە لەبەر خۆری پرشنگدارا ڕووناکی شك نابەم •• نەخەیر چاوەڕوانیم پێ ناکرێ» • لەپڕ باوەشی بە کوڕەکەدا کرد • دوایی باڵێکی هێواشی پێوەناو پێی گوت : بەرخۆلەکەم ! بڕۆ ئەو گوێ ئاوە ، بۆ خۆت یاری بکە • منال هەمیشە لای ئاوی گەورەوە نێچیرێکی دەسگیر دەبێ • هەر ئاگادار بە قاچت تەڕ نەکەی •

لەو کاتەدا کە ئێمە بێدەنگ جگەرەمان دەکێشا، من بە لاچاوێك سەیرێکی باوك و کوڕەم کرد • شتێك سەرنجی ڕاکێشام • ئەویش ئەوەبوو کە کوڕە جل و بەرگێکی عادەتیی لەبەردابوو ، بەلام باش بوو • چاکەتە درێژە چاکەکەی باش لەبەری چەسپ بوو • پۆتینە خنجیلانەکانی بە جۆرێك بۆ دروستکرابوو ئەوەی تێدا ڕەچاو کرابوو گۆرەویی خوریی لەگەڵ لە پێ بکات • دروونەوەیەکی ئێجگار وەستایانە لەسەر شوێنە دڕاوەکەی قۆڵی چاکەتەکەی بوو • ئەمانە هەموو ئەرکی بەتەنگەوە هاتنی ئافرەتیان پێوە دیار بوو ، دەستڕەنگینیی دایکیان تێدا بەدیدەکرا • بەلام باوکە بە چەشنێکی تر سەرنجی ڕادەکێشا : کورتەکە باوەڕەکەی هێندە کون و سووتاویی پێوە بوو ، لە زۆر شوێنەوە لۆکە سەری دەرهێنابوو • ئەو شوێنانەشی

که دووراٻوونەوە تەقەڵی نارێکیان لێدرابوو • ئەو پینەیەی لە ئەژنۆی پانتۆڵە خاکییەکەی درابوو ، باش نەدوورابووەوە • تەقەڵە گەورەکانی لە کاری پیاوی ناشارەزا دەچوون • جووتێ پۆستاڵی نوێی سەربازیی لەپێدا بوو ، گۆرەوییە خورییە ئەستوورەکەی مۆرانە خواردبووی‌و دەستی ئافرەتی نەگەیشتبوویە • لەوکاتەدا من بیرم بۆ ئەوە دەچوو : یان بێوە پیاوە ، یان نێوانی لەگەڵ ژنەکەی خراپە •

کابرا بە چاو کوڕەی ڕەوانە کرد • جا کۆکەیەکی کپی بۆ کردو سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە قسە • منیش ئازای ئەندامم هەموو بۆی بوو بە گوێ •

ــ ژیانم لە سەرەتادا ژیانێکی عادەتی بوو • خۆم لە شارستانی (ڤەرۆنیژ) لەدایك بووم • لە ساڵی هەزارو نووسەدەوە هاتوومەتە دنیاوە • لە شەڕی خۆماڵیدا لە تیپی (کیکڤیدزا)ی سوپای سووردا سەرباز بووم • لە قات‌و قڕییەکەی ساڵی بیست‌و دوودا ناردیانم بۆ (کووبان) بۆ بەگژاچوونی دەرەبەگەکانی ئەو ناوچەیە • ئەمە بوو بووە هۆی مانەوەم لە ژیاندا • بەڵام باوکم‌و دایکم‌و خوشکە بچکۆلەکەم لە ماڵەوە لەبرسانا مردن • من بەتەنیا مامەوە • خزم‌و کەس‌و کار ، هەموو سەرزەمین بگەڕێی لە هیچ جێیەك تاکە کەسێك چییە شکی‌نابەم • پاش ساڵێك کە لە کووبان گەڕامەوە ، خانووە قوڕەکەم فرۆشت‌و چووم بۆ ڤەرۆنیژ • لە سەرەتادا لە کۆمەڵی

هەرەوەزیی دارتاشاندا دەستم‌کرد بە کار • دوایی چوومە کارگەو فێری ئاسنگەری بووم • زۆری پێنەچوو ژنیشم هێنا • ژنەکەم لە هەتیوخانە گەورە بووبوو، بێ‌کەس‌و کار • کچێکی چاك بوو بووە هاوسەرم • هێمن‌و ڕووخۆش‌و زیرەك • لێم سەرو زیاد بوو • هەر لـە منداڵی‌یەوە دەیـزانی هۆقـەی کلۆڵی بە چەندە ، بەڵـکو ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێت لە هەڵس‌و کەوتیدا ڕەنگی دابێتەوە• لە دوورەوە تەماشات‌کردایە ، هێندە سەرنجی ڕانەدەکێشای • بەڵام خۆ من لە دوورەوە تەماشام نەدەکرد • لە نزیکەوە تێم دەڕوانی‌و چاوو گیانم هەموو لەگەڵیدا بوو • بەلای منەوە شۆخی‌وا لە جیهاندا نەبوەو نابێتەوە •

ماندوو مردوو لە ئیش دەگەڕێیەوە • جاری‌وایش هەیە وەك شەیتان تووڕەی • کەچی لە وەڵامدا وشەیەکی ڕەق، چی‌یە بەدەمیدا نایەت • لەسەرخۆو ناسك‌و دەم بە زەردەخەنە ، لە شوێنی نەرم‌و نیان دادەنێ • لەگەڵ ئەو نەبوونی‌یەشدا خواردنێکی خۆشت دێنێتە پێش • تەماشای دەکەی دڵت ئاو دەخواتەوە • دوای تاوێك باوەشی پیا دەکەی‌و پێی‌دەڵێی : « گیانەکەم ، ئیرینا ! ببوورە کە قسـەی نابەجێم بێ گوتی • بڵێم چی• لەسەر ئیش دەمەقـاڵەیەکم بوو بـە تووشەوە » • دیسانەوە ئاشتی لەنێوانماندا پرشنگ دەداتەوەو منیش دڵم ڕەحەت دەبێ • براله ! تۆ دەزانی ئەمە بۆ ئیش چەند کاریگەرە؟ سبەینان ئازا لە خەو هەڵدەستم ، دەچمە کارگەو هەموو کارێـك بەگەرمی ڕادەپەڕێنم • ئەمەیە ئەنجامی ئەوە کە پیاو ژن‌و هاوسەری باش‌و بەوێڵی بێ •

جاری‌وایش بووە مانگانەم وەرگرتووەو لەگەڵ هەندێ دۆست‌و برادەر بووم هەموویم داوە بە خواردنەوە • وایش ڕێکەوتووە بە سەرخۆشی‌یەکی ئەوتۆوە گەڕاومەتەوە بۆ ماڵ لام لە موو کردوەتەوەو چرچ‌وچاوم غـەزەبی لێ باریـوە • قاچـم تێـکەڵ‌و پێـکەڵ بوون‌و شەقـامەکانم بەلاوە تەسك بووە • خۆ تەنگیی کۆڵانەکان ئەوە هەر باسی مەکە • ئەو دەمە لاوێکی تێکسمڕاوو بەخۆوەو بەهێز بووم • هێندەی شەیتانێکم دەخواردەوەو هەمیشەیش بەپێی خۆم دەچوومەوە بۆ ماڵ • هەرچەندە ناوە ناوە وایش ڕێدەکەوت کە نزیـك مـاڵ دەبوومەوە پەکم دەکەوت‌و ئیتر بە گاگۆڵکێ لەسەر هەر چوار پەل دەڕۆیشتم ، بەڵام هەرچۆن بێ خۆم دەگەیاندەوە ماڵێ• دیسـان دەنگێك، هەرایەك، قیژەیەك، بۆڵەیەك چی‌یە لێی نابیستی• ئیرینای من تەنیا پێدەکەنێ، ئەویش بە نەزاکەت، بۆئەوەی من بە سەرخۆشی دڵـم نەیەشـێت • جلەکانـم دەکـۆڕێ‌و بەگوێمـدا دەچـرپێنێ : « ئەندرووشا ! لای دیوارەکەوە ڕاکشێ ، ئەگینا بەدەم خەوەوە لەسەر قەرەوێڵەکە تل‌دەبیتەوەو دەکەویتە خوارێ » • بەڵام مـن وەك ڕەشکەکا دەکەوم‌و چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکات • تەنیا گوێم لەوەیە کە بە نەرمی دەست بە سەرمدا دێنێ‌و بە چرپە وشەی پـڕ هەست‌و سۆز بەرانبەرم دەردەبڕێ •

بەیانی دوو سەعاتێك بـەر لە کاتـی کار خەبـەرم دەکاتـەوە بۆئەوەی بێمەوە سەر خۆم • دەزانێ دوای ئەو سـەرخۆشی‌یـەی دوێنێ هیچم بۆ ناخورێ • بۆیە خەیاری ناو ترشیات یان هـەر

شتێکی‌تری سووکۆو بەتامم بۆ ئامادە دەکاتو پەرداخێکیش قۆدکام دەداتێو دەڵێ : « ئەندرووشا ! ئەوە هەڵدە ، با بێیتەوە سەر خۆت ، بەڵام گیانەکەم جۆرێکی‌تر هێندە مەخۆرەوە » • پەرداخە قۆدکاکە دەخۆمەوەو بێدەنگ بە چاو سوپاسی دەکەمو ماچی دەکەمو بەگورجی دەکەومەرێ بۆ سەر ئیش • توخوا قەت دەشێ ئەو چاکی‌یە لەبیر بکرێ ؟ بزانە قسەیەکی ناشیرین ، بۆڵەیەکی لە ڕوومدا کرد ؟ منیش وەك خوا دەمپەرست • کوا ژنەی هاوژینم ؟ لەم سەردەمەدا کەیبانووی‌وا کەی دەستدەکەوێ ؟

هێندەی نەخایاند منداڵمان بوو • لە سەرەتادا کوڕێکمان بوو ، پاش ساڵێکیش دوو کچ • لەودەمەوە لە برادەران دوورکەوتمەوە • هەموو مانگانەکەم بۆ ماڵەوە دەهێنایەوە • ژمارەی کەسانی خێزانەکەمان پتر بوو • ئیتر خواردنەوەی تێدا نەدەبوو • ڕۆژانی پشوو پەرداخێك بیرەم دەخواردەوەو لەوێدا نوختەیەکم دادەناو دەمبڕی‌یەوە •

لە ساڵی بیستو نۆدا ئارەزووم چووە سەر ئۆتۆمۆبیل لێخوڕینو فێری بووم • بوومە شۆفێری لۆری‌و لەپشت سوکانەوە دانیشتم • بەم ئیشەم وا ڕاهاتم ئیتر ئارەزووم لە گەڕانەوە بۆ کارگە نەما • شۆفێریم بەلاوە خۆشتر بوو • بەم‌چەشنە دە ساڵم بەسەربرد بێ‌ئەوەی هەست بکەم چۆن بەسەرچوو • وەك خەوێك وابوو • بەڵێ دە ساڵ چی‌یە ؟ لە هەر پیاوێکی پیر بپرسی ئەو چۆن هەست

به بردنەسەری ژیانی دەکا ، ئەوە بزانە هەستی بە هیچ نەکردووە • ڕابوردوو وەك دەشتێکی کاکی بەکاکی‌یە لە تەمو مژدا • سبەینان بەو دەشتەدا کە دەڕۆیشتم هەر چوار دەوری ڕوونو ساف ، بیست کیلۆمەترێکم دەبڕی ، ئیتر تەمومژ هەموو دەشتی دادەپۆشی، وای لێ دەهات گیاو دارستان ، کێڵگەو شارای گەنم لێك جوێ نەکرێنەوە •

ئەو دە ساڵە شـەوو ڕۆژ کارم دەکرد • دەستـکەوتی باشـم هەبوو • لە خەڵکی‌تر خراپتر نەدەژیاین • منداڵەکانیش بەختەوەر بـوون • هەرسێـکیان لـە قوتابخانە یـەکەم بوون • گەورەکەیان (ئەنەتۆلی) لە ژمارەدا هێنـدە زیرەك بـوو ، تەنـانەت ڕۆژنامەی ناوەندی دەربارەی نووسی • لەکوێوە ئەو تواناو بەهرە گەورەیەی ژمارە زانینی بۆ هاتبوو ؟ براله ! من خۆشم نازانم • تەنیا ئـەوە دەزانم کە من بەوە زۆر شادمان بوومو شانـازیم پێـوە دەکرد •• ئیجگار زۆر شانازیم بە هەموویانەوە دەکرد •

لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کەمێك پارەمـان پاشەکەوت کـرد • بەرلەوەی شەڕ دەست پێ بکا دوو ژوورو هەیوانێكو گەنجینەیەکمان دروستکرد • ئیرینا دوو بزنی کڕی • ئیـتر چیی‌ترمـان دەوێ ؟ منداڵەکان شیربرنجیان بۆ بوو بیخۆن • خانوویەکمان هەیە داڵدەمان بدا • پۆشتەین • بێ‌خاوس نین • هەموو شتێکمان ڕێکوپێکە • تەنیـا منم بە ساڵدا چووم • لە نزیك کارگەی فڕۆکەوە شەش‌سـەد مەتـر زەوی‌یان دامێ • لانەم ، دەبوو بچێتە ئەو شوێنە خۆشە • لەوانەبوو ژیان بە جۆرێکی‌دی بەسەرچوایە •

بەڵام لەناکاو شەڕ هاتو یەخەی گرتین• بۆ ڕۆژی دووەمی لە سەربازخانەوە بانگیان کردم • لە ڕۆژی سێیەمیشدا لەگەڵ کاروانی جەنگاوەران ڕەوانەی مەیدان کرام • هەر چوار کەسەکەم ـ ئیرینای ژنمو ئەنەتۆلیی کوڕمو ناستینکەو ئۆلووشکەی کچم ـ ماڵاوایی‌یان لێ کردمو بەڕێیان‌خستم • مناڵەکان هەموو باش خۆیان ڕاگرتبوو ، هەرچەند کچەکان پاشان تۆزێ گریانو هەندێ فرمێسکیان ڕشت • ئەنەتۆلی تەنیا شانی هەڵدەتەکاند ، وەك سەرمای بێ • لەو سەردەمەدا پێی نابوە حەڤدە ساڵی‌یەوە• ئەی ئیریناکەم ؟ لە سەرپاکی حەڤدە ساڵی هاوسەریماندا وا نازدار نەمدیبوو • ئەو شەوە تا بەیانی شانو سەرسنگی کراسەکەم لەبەر فرمێسکی ئەو وشك نەدەبووەوە•• بەیانیش هەر هەمان گریان • لەگەڵم هاتنە وێستگەی شەمەندەفەر• ئەوەندەم بەزەیی پێدا دەهاتەوە ، نەمدەتوانی تەماشای بکەم • لێوەکانی لەبەر فرمێسك هەڵئاوسابوون • پرچی لەژێر ڕەفتەکەیەوە هاتبوەدەرێ • چاوەکانی بەجۆرێك لێڵ بووبوون وەك ڕەنگی گێژی‌یان تێ کرابێ •• قوماندانەکان فەرمانی سواربوونیان دا • ئیرینا خۆی دا بەسەر سنگمدا • دەستەکانی لە ملم گیر کرد • وەك درەختی شکاوە دەلەرزی •• منداڵەکان بەسەریا دەهاتن‌و منیش دڵم دەدایەوە ، بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو • ژنەکانی‌تر لەگەڵ مێردو منداڵەکانیان قسەیان دەکرد ، بەڵام ئەمەی من وا خۆی پێمەوە نووساندبوو ، وەك گەڵا بە دارەوەو هەر دەشلەرزی • زمانیشی گۆی نەدەکرد وشەیەکی پێ دەربڕێ • پێم‌گوت :

« گیانەکەم ، ئیرینا ! وەرە بەرمەدە • وەرەوە سەر خۆت ! هیچ نەبێ وشەیەکم بۆ خواحافیزی پێ بڵێ » • وەك کەسێکی لاڵ هاتە دەنگ • بۆ دەربڕینی هەر وشەیەك تفێکی قووتدەدا : « ئەندرووشا ! گشت کەسەکەم •• جارێکی‌تر •• لەم جیهانەدا•• من‌و تۆ •• یەکتر نابینینەوە •• » •

من خۆم لەبەر بەزەیی پێدا هاتنەوەی ئەو دڵم شەقار شەقار بووبوو • کەچی ئەویش بەو وشانە ماڵئاوایی لێ دەکردم • دەبوو لەوە بگات کە بۆ منیش ئاسان نەبوو لێیان جوێبمەوە • خۆ من بۆ ماڵی خەسووم نەدەچووم بۆ گیپە خواردن •• تووڕەیی هێرشی بۆ هێنام • دەستیم لە ملم کردەوەو نەرمێ پاڵێکم پێوە نا • پاڵەکەم نەرم پێوە نا ، بەڵام هێزەکەی من دڕندانە بوو • خەریك بوو بیخات بەپشتدا • دیسانەوە بە چەند کورتە هەنگاوێك بەرەو لام هاتەوەو باوەشی پێدا کردمەوە • منیش نەڕاندم بەسەریاو پێم‌گوت : « ماڵاوایی وا دەکرێ ؟ تۆ بۆ بەرلەوەی وادەی مەرگم هاتبێ ، وا بە زیندوویی دەمنێژی ؟ » باوەشم پێدا کردەوە ، دیم هیچ ئاگای لە خۆی نییە •

لە ناوەڕاستی وشەیەکدا چرۆکەکەی پچڕاند • کە بێدەنگی باڵی بەسەرماندا کێشا ، ئەوسا من گوێم لێ بوو قوڵپی گریانە لە گەروویدا تاساوە • شەپۆلی کزی‌و ماتەمینیی خەڵك منیشی گرتەوە• بە لایەکی چاو ڕوانیمە سەرگوزەشتە گێڕەوەکە ، بەڵام یەك

تنۆك فرمێسك چی‌یە ، بە چاوە مردووە کوژاوەکەیەوەم بەدی نەکرد • پەژارەیەکی قووڵ گرتبوویەوە • سەری پتر شۆڕ کردبووەوە • دەستەکانی بەردابوونەوە ، دەلەرزین • چەناکەی‌و لێوە تورتەکانیشی دەلەرزین •

بە هێواشی پێم‌گوت : برادەر ! پێویست ناکات • لە بیر خۆتی بەرەوە • دیارە ئەو گوێی لە وشەکانی من نەبوو • چ ئیرادەیەکی مەزن بوو ، لەپڕ بزواندی‌و بە دەنگێکی ئێجگار سەیرو گڕەوە کەوتەوە دوان‌و گوتی :

ـ تا ڕۆژی مردن ، تا دوا سەعاتی ژیان لە خۆم نابوورم کە ئەو کاتە ئەو پاڵەم پێوە نا •

سەرلەنوێ‌و بۆ ماوەیەکی درێژ بێ‌دەنگ بووەوە • ویستی جگەرەیەك بپێچێتەوە ، بەڵام کاغەزی ڕۆژنامە دڕاووو تووتن بەسەر ئەژنۆیدا بلاوبووەوە • سەرەنجام هەرچۆن بوو جگەرەیەکی خوارو خێچی پێچایەوەو چەند مژێکی توندی لێ دا • کۆکەیەکی بۆ کردو تێ‌هەڵچووەوە •

ـ دەستم لە ئیرینا بەردا • هەردوو لەپی دەستم لەسەر ڕوومەتەکانی دانا • ماچم‌کرد • لێوەکانی وەك سەهۆڵ وابوون • ماڵ‌ئاواییم لە منداڵەکان کرد • ڕام‌کرد بۆ لای واگۆنەکەم • باش بوو فریا کەوتم خۆم هەڵدەمە ناوی • شەمەندەفەرەکە ورد ورد کەوتە گەڕ • تەماشا دەکەم منداڵەکانم وا بێ‌باوك دەکەون •

دەستیان بۆ هەڵتەکاندم • دەیانویست پێبکەنن ، بەڵام پێکەنین خۆی شاردبوەوە • ئیرینا دەستی لەسەر سنگی دانابوو • لێوەکانی وەك گەچ سپی هەڵگەڕابوون • لەبەرخۆیەوە وڕێنەی دەکرد • تەماشای دەکردمو چاوی نەدەترووکاند • چەمابووەوە بۆ پێشەوە، وەك بیەوێ بەرانبەر بە ڕەشەبا هەنگاو بنێ • لە سەرانسەری ژیانمدا بەمشێوەیە لە یادمدا جێگیر بووە : دەست لەسەر سنگ ، لێوی سپی هەڵگەڕاو ، چاوی زەق ، فرمێسکی گەورە گەورە •• بە زۆری لە خەویشدا هەر بەو شێوەیە دەیبینم •• بۆچی ئەوکاتە ئەو پاڵەم پێوە نا ؟ تاکو ئێستا هەرچەند دێتەوە یادم دەڵێی بە چەقۆی کول دڵم لەتلەت دەکەن •

لە ئۆکراینا دابەشیان کردین • ئۆتۆمۆبیلێکی زیلیان دامێ . پێی چووم بۆ مەیدانی شەڕ • چیت دەربارەی شەڕ بۆ بگێڕمەوە • خۆت بینیوتەو دەزانیت • لە سەرەتادا چۆن بوو ؟ زوو زوو نامەم لە ماڵو منداڵەکەمەوە پێ دەگەیشت ، بەڵام من کەم نامەم بۆ دەناردن • وام بۆ ڕێدەکەوت • بۆم دەنووسین بەری هێرشمان گرتووە • هەموو شت تەواوو ڕێکوپێکە • وردە وردە شەڕ دەکەین • هەرچەندە ئێستا دەکشێینەوە دواوە ، بەڵام بەمزوانە هێزی خۆمان کۆدەکەینەوەو ئەوسا دەرزێکیان دادەدەین • لەوە زیاتر چیم بنووسیایە ؟ کاتێکی زۆر خەمگین بوو • فریای نووسین نەدەکەوتین • ددان بەوەشدا دەنێم کە من خۆم ئارەزووم لێ نەبوو بەستەی کرووزانەوە بڵێمو ، قینیشم لەو کەسە لیکنانە دەبوەوە کە

هەموو ڕۆژ بە موناسەبەو بێ موناسەبە نامەیان بۆ ژنو خۆشەویستەکانیان دەنووسیو کاغەزەکەیان بە چڵم سوامە دەدا : « بارم گرانە • لە نەخۆشیو مەینەتیدام • هەر ئەوەندەت زانی کوشتمیان » • ئەوەتە سەگی پانتۆڵ لە پێ • گلەیی لە حاڵی خۆی دەکا • دەیەوێ خەڵك بەزەیی‌یان پیایدا بێتەوە • ئەی لێکنی چڵمن بۆ بیر لەوە ناکەیتەوە کە ژیانی ژنو منداڵە نەگبەتەکانمان لە ژیانی ئێمە خۆشتر نی‌یە • هەموو هیوای دەوڵەت ئەو ژنو منداڵانە بوون • دەبوو ئەو ژنو منداڵانەی ئێمە چ شانو باهوویەکیان هەبێ تا لەژێر باری ئەو قورسایی‌یەدا نەنووشتێتەوە ؟ ئەوەبوو نەنووشتایەوەو ڕاست ڕاوەستان • کەچی هەندێ کەسی سووكو ترسنۆك نامەی کرووزانەوەیان دەنووسی •• ژنانی زەحمەتکێش مەردانە هاریکاری‌یان دەکرد ، بەڵام پاش وەرگرتنی ئەوجۆرە نامانە ، بەسەزمانانە ، دەستیان شل‌دەبوو کاریان پێ نەدەکرا • نەخەیر ! ئەگەر تۆ پیاوی ، ئەگەر سەربازی ، دەبێ بوردەباریی هەموو شتت هەبێو ئارام بی ، بەتایبەتی کە ناچاری ئەو بارەی داوی بەسەردا • بەڵام ئەگەر تۆ هەوێنی مێیت لە هیی نێری پتر تێدایە ، ئەوە هیچ نەبێ بۆئەوەی لەدواوە لە ژن بچی تەنوورەیەك لەبەرکەو دۆشەکڵەیەکی لە بندا دانێ تا سمتە سیسەکەت پان دیار بێو ، برۆ مانگا بدۆشە • بەوجۆرە لە مەیدانی شەڕدا پێویستیان پێت نابێ • لەوێ بێ تۆ جەنگاوەر زۆرە •

فریا نەکەوتم ساڵێك شەڕ بکەم • لەو ماوەیەدا دوو جار

بریندار کرام ، بەڵام هەردوو جارەکە بریندارییەکەم سووك بوو • جارێکیان لەپێ دەستمو جارەکەی تریش قاچم بریندار کرا • جاری یەکەم گوللەم لە فڕۆکەیەکەوە بۆ هاتو جاری دووەمیش پارچە بۆمبایەکم بەرکەوت • سەربازێکی ئەڵەمان ئۆتۆمۆبیلەکەمی لە سەرەوەو لە لاوە سمی • بەڵێ براله ، بەختی ڕەشم هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە هێنای •• هێنای •• هێنای تا بیناقاقەم • لە خوار (لۆزۆڤێنك)ەوە بە دیل گیرام • ئەمە لە مایسی ساڵی چلودوودا بوو • لەوبارە پڕ شەرمەزارییەدا بووم هێرشی دڕندانەی ئەڵەمانەکان بۆپێشەوە دەچوو • وا ڕێکەوت یەکێك لە تۆپە سەدو بیستو دوو میلیمەترەکانی ئێمە خەریكبوو گوللە تۆپی لێ ببڕێت ، لۆرییەکەی منمان تا سەر شێلمانەکانی لە گوللە تۆپ بارکرد • خۆشم لە بارکردنەکەدا هێندەم کار کرد باڵەکانم شلبوون • دەبوو ئێجگار پەلە بکەم ، چونکە شەڕ نزیك دەبووەوە لێمان • لە لای چەپەوە ناڵەی تانكو ، لە لای ڕاستەوە گوللە باران بوو • لە پشتیشەوە زرمەی مەترەلۆز دەهاتو بۆچڕووك دەکەوتە بەر لووت •

قوماندانەکەمان لێیپرسیم : « دەڵێی چی ؟ پێیدا تێدەپەڕی؟» • پرسیاری نەدەویست • لەولا لەوانەیە هەڤاڵەکانم بکوژرێن • منیش لێرە دەستەو ئەژنۆ دانیشم ؟ وەڵامم دایەوە : «قسەی پێ ناوێ• دەبێ پێیدا تێیەڕمو بڕایەوە» • گوتی : « کەواتە تف کە لە شەیتان » • پێم پیا نا • بەدرێژاییی ژیانم هەرگیز وەك ئەوجارەم لێ

نەخوڕیبوو • دەمزانی پەتاتەم بار نەکردوەو بارەکەم پێویستی بە لێخوڕینێکی هێمنو لەسەرخۆیە ، بەلاّم کام هێمنیو کام لەسەرخۆیی لەکاتێکدا برادەرەکانم بە دەستی بەتاڵ شەڕدەکەن ، یان کاتێ چوار دەور ئاگرو گوللەباران بێ • شەش کیلۆمەترێك ڕۆیشتمو پێچم کردەوە بۆ ئەو ڕێگا تەنگەی بۆ شیوەکە دەچوو کە بەتالیۆنەکەی خۆمانی لێ بوو • لەوێ بینیم ـ ئای دایکە گیان !ـ سەربازی پیادە لە ڕاستو چەپەوە لەمسەر تا ئەوسەر خۆیان داوە بە زەویداو سەنگەریان گرتووە • ئەبێ من چیبکەم ؟ بۆ دواوە ناتوانم بگەڕێمەوە • لە هەموو لاوە تەنگم پێ هەڵچنراوە • نزیکی کیلۆمەترێکی مابوو تا بەتالیۆنەکەمان • تازە کار لە کار ترازابوو • براله ! وا هاتە پێشێ نەگەمە هەڤاڵەکانم • وا بێدەچێ لە دوورەوە بۆمبایەکیان هاویشتبێتە بەردەمی ئۆتۆمۆبیلەکەم • هیچ گرمەیەکم گوێ لێ نەبوو ، تەنیا ئەوەندەم هەستکرد شتێك لەناو سەرمدا تەقیبێتەوەو لەوە بەولاوە هیچم لەبیر نییە • چۆن لەو ڕووداوەدا مام ؟ نازانم ! هەروەها لەبیرم نییەو سەری لێ دەرناکەم ماوەی چەند بە مردوویی کەوتبووم • کە هۆشم هاتەوە بەر خۆم ، نەمتوانی هەستمە سەر پێ • سەرم بە ملمەوە شل بووبوو و بەلادا دەکەوت • هەموو ئازای ئەندامم دەلەرزی •وەك تووشی ڕشانەوە بووبم وابوو • بەرچاوم تاریك ، شانی چەپم خرەی دەهات • گشت گیانم لەبەر ئازار دەیزریکاند • لەوە دەچوو دوو ڕۆژ لەسەر یەك جنرابێ • ماوەیەکی زۆر بە سکەخشێ بەسەر زەویدا کشام •

دوایی هەرچۆنێ بوو هەڵستامە سـەر پێ ، بەڵام دیسـان هـەر هیچم لێ حاڵی نەدەبوو لەکوێمو چی ڕوویداوە لێـم • بیرم بـە یەکجاری بڕا • دەترسام سەرلەنوێ پاڵ بکەومەوە • نەمدەوێرا ڕابکشێمەوە • جارێکیدی ڕاست نابمەوە • دەمرم • لەسەر پێ ڕاوەسـتام • ڕەتدەدەم • وەك نەمامی بـەر گێژەڵووکە بـەملاو بەولادا دەکەوم •

کاتێ هۆشـم هاتەوە بـەر خـۆم ، بیرم هاتـەوەو بە بـاشی سەرنجمدا • دڵم وەك یەکێك بە پلایس وشاردبێتی وابوو • ئەو گوللە تۆپانەی هێنابوومن بە چوار دەوردا پەرش‌و بڵاو بووبوونەوە• لەنزیکمەوە ئۆتۆمۆبیلەکەم بە تێکشکاویو هەلاهەلایی لەسەر گازی پشت کەوتبوو • تایەکانی ڕوویان کردبوە ئاسمان • چەنگیش وا لەپشتمەوە دێت •• ئەمە چۆن ؟

گوناح پێویست ناکات بشاررێتەوە • ئەوەتە قاچم خۆی لەخۆیدا خوار بوەتەوە • تێ‌گەیشتم کەوا ئابلۆقە دراومو زۆری پێ ناچێ دەبمە دیلی فاشستەکان • بۆیە وەك بریندار کەوتم • خۆت دەزانی شتیوا لە جەنگدا زۆر ڕوودەدات •

ئاخ ، براله ! کارێکی ئاسان نی‌یە مرۆڤ بکەوێتە دیلی • ئەوەی بە چاوی خۆی نەیبینیێو بەسەری نەهاتبێ ، باش حاڵـی نابێ ئەو زەلیلی‌یە یانێ چی •

ئەوەتا وا هاتەدی • ڕاکشاومو گوێم لێ‌یە • نرکەی تانك

دێ • چوار تانکی ئەڵەمانەکان ، بە هەموو گوڕێکیانەوە بەلامـدا تێپەڕین بەرەو ئەو شوێنەی من بە بارە گوللە تۆپەکەمەوە پیایدا هاتم • ئای چەند بەوە پەستو دڵگیر بووم !

ئینجا تۆپەکان تێپەڕین • دوایی پیادەکان هاتن • بـە لایـەکی چاو تێیان دەڕوانمو دیسان ڕوومەتم لە زەوی‌یەکە گیر دەکەم • چاوم دەنووقێنم • دڵم ژاندەکا • تەماشایان بکەم ؟ دڵم وەختـە بتەقـێ •

لام‌وابوو هەموو تێپەڕین • سەرم هەڵبڕی • ئەوەتـان سـەد مەترێـك دوور لێمـەوە هەنـگاو دەنێن • دەڕوانـم لە ڕێگاکەوە پێچدەکەنەوەو ڕاست بەرەو لای من دێن • بیرم کردەوە « ئاکامم هاتووە » • دانیشتم • نامەوێ بـە پاڵکەوتنـەوە بمـرم • دوایی هەڵستامە سەر پێ • یەکێکیان هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە سەرم ، تفەنگەکەی لە شانی کردەوە • ئای لە ئادەمیزاد ! چەند سەیر خوڵقاوە • لەوکاتەدا نە هاوارێـك ، نە قیژەیەکم لێ بـەرز بوەوە ، نە تۆزقاڵێ ترسم لە دلا بوو • تەنیا تەماشای کابرام دەکردو بیرم دەکردەوە : « هەر ئێستا دەستڕێژێکم لێ دەکا • « ئاخۆ بـە سەرمیەوە دەنێ یان بە سنگمەوە ؟ وەك بە لای منەوە جیاوازیـی هەبێ ئەگەر بە هەر شوێنێکی لەشمیەوە بنێ !

کوڕە گەنجێکی قۆز بوو • ڕەش‌تاڵەیەك بوو • لێوەکانی باریك وەك قەیتان ، چاوەکانی گرژ •• لەبەرخۆمەوە گوتم : « ئەم کابرا

بێبیرکردنەوە هەر ئێستا ساردم دەکاتەوە » • هەروەهاش بوو • پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی دانا • بێدەنگ ڕاســـت ڕوانیمە چاوەکانی • بەڵام یەکێکی‌دی‌یان ، سەرپەل بوو یان لەو بەتەمەنتر بوو ، قیژاندی بەسەریاو باڵێکی پێوەنا • بۆ خۆی هات بەلامەوە ، بە زمانەکەی خۆی بڵمە بڵمێکی کردو دەستی ڕاستمی گرت ، ئانیشکی نووشتاندمەوە • دەســتی لــە ماسوولــکەکانم دا •

هەوڵی‌دا بدوێ : « ئا ــ ئا ــ ئا » ، ئینجا پەنجەی بۆ ڕێگاکەی ڕووەو خۆراوا درێژکردو گوتی : « هەچە ! بــارگیر •• وڵاخــی ناوشان پان •• دەی ، بۆ ڕایخی ئێمە بار بکێشە » • ڕووی زەمانــە ڕەش بێ ، تووتەڵە سەگ بووە بە خاوەنمان !

کابرای ڕەشتاڵە سەیرێکی پۆستاڵەکانمی کرد • دەستێکی بو

درێژ کردنو گوتی : « دایانکەنە ! » • لەسەر عەرزەکە دانیشتمو پۆستاڵەکانم بۆ داکەندو دامنە دەستی • پەلاماری دانو یەکسەر لە دەستمی هەڵپڕووکاندن • گێتەرەکانیشم بۆ لە قاچم کردەوەو ئەوانیشم دایە دەستی • لەژێریشەوە سەیرێکیم کرد ، بەڵام ئەو شیرپاندی بەسەرماو بە زمانەکەی خۆی کەوتە جنێو پێدانم • دیسانەوە دەستی دایەوە تفەنگەکەی : ئەوانی تریان دایانە قاقای پێکەنین •• ئیتر هەموو هێدی هێدی بەجێیان هێشتم ، ڕەشتاڵەکەیان نەبێ کە تا گەیشتە سەر ڕێگاکە چەند جارێك ئاوڕی لێ دامەوە • چاوەکانی زەق ، دەبریسکانەوە ، وەك گورگی تووڕە وابوو ، لەبەرچی ؟ وەك بڵێی من پۆستاڵم لە پێی ئەو داکەندبێ ، نەك ئەو لە پێی من !

براله ، بڵێم چی ! بۆ کوێ بچوومایە ؟ ناچار چوومە سەر ڕێگاکە ، تێر جنێوم داو بەرەو خۆراوا هەنگاوم نا ، بۆ دیلی ••

لەوکاتەدا ڕێبوارێکی پەككەوتە بووم • لە سەعاتێکدا کیلۆمەترێك زیاترم بڕ نەدەکرد • دەمویست بۆ پێشەوە هەنگاو بنێم ، بەڵام بەملاو بەولادا دەکەوتم •• وەك سەرخۆش ڕەتمدەدا ، کەمێك ڕۆیشتم • کاتێکم زانی پۆلێك دیل گەیشتنە لام • هەموو سەربازی هەمان تیپ بوون کە منی تێدا بووم • دە سەربازێکی ئەڵەمان پێش خۆیانیان دابوون • دیلەکەی لەپێشیانەوە دەڕۆیشت هاتە لامەوە • هیچ قسەیەکی خراپمان لەگەڵ یەك نەکردبوو ، کەچی لەپڕ یەکێ لە سەربازەکان قۆناخە تفەنگێکی ماڵی بە تەپڵی سەرما •

وەخت بوو بکەوم و لەسەر عەرزەکە خپ ببم ، بەلام باش بوو هەڤاڵەکانم خێرا پەلیان گرتم و خستمیانە ناوەڕاستی ڕیزەکەوە • نیو سەعاتێك لە بن باڵما بوون • هەڵیان گرتبووم • کە هۆشم پیادا هاتەوە، یەکێکیان بەئەسپایی بەگوێیدا چرپاندم : « بکەوی ، خواش بە خوایی خۆی ناگاتە فریات •• دوا تنۆکی هێزت بخەرە کار ، ئەگینا دەتکوژن » • منیش زۆرم لەو هێزەی مابووم ــ کردو هەنگاوم هەڵهێنایەوە •

هەر کە خۆر ئاوا بوو ئەڵەمانەکان پاسەوانییان لەسەرمان زیاتر کرد • بیست سەربازێکی دییان خستینە تەك • سەربازەکان کەوتنە پەلەپەل کردن لێمان و پێیان پێ هەڵگرتین • بریندارەکانمان فریا نەدەکەوتن بە پەلە بڕۆن ، دوا دەکەوتن ، ئەوانیش هەر لەو سەر ڕێگایە دەسرێژیان لێ دەکردن و دەیانکوشتن • دوان ویستیان هەڵ بێن ، ئەوەیان لێك نەدابووەوە بە شەوی مانگەشەو لە بەرچاو ون نابن ، دەبینرێن • دیارە دەسرێژێکیان لەمانیش کرد • لە دەوروبەری نیوەشەودا گەیشتینە دێیەکی نیمچە سووتاو • بۆ نووستن کردیانینە کڵێسەیەکی گومەز ڕووخاوەوە • لەسەر ئەو زەوییە ساردە بەردینە پارچە حەسیرێك نەبوو ، ئێمەش هەموو بێ پاڵتۆ ، تەنیا جلە سەربازییەکەمان لەبەردابوو ، ئیتر نوێنی چی ؟ هەندێکمان تەنانەت جلە سەربازییە سووکەکەشی نەبوو ، تەنیا کراسێکی لەبەردا بوو • زوربەمان قوماندەی بچووك بوون ، جلی ڕەسمییان فڕێدابوو ، تا نەیانناسنەوەو بە سەربازیان تێ بگەن • هەروەها

تۆپچی‌یەکانیش بە بەرگی سەربازی‌یەوە بوون • هەندێکی‌کەش بە چ بەرگێکەوە لە شەڕدا بوون ، هەر بەو بەرگەوە کەوتبوونــە داوی دیلی‌یەوە •

شەوێ بارانێکی ئەوەندە توند باری گیانمان هەموو خووسایەوە• گومەزەکەش کە گوللە تۆپی قورسی تێ‌گیرابوو ، یان لە فڕۆکەوە بۆمبای بەرکەوتبوو ، بەچەشنێك هەرەسی هێنا بانــەکەی هەمــوو لەگەڵدا هاتەخوار ، تەنانەت لە میحرابەکەشدا جێــگایەکی وشــك نەمایەوە • ئەوشەوە تا سبەینێ لەو کڵێسەیەدا وەك مەڕ لە پشتیری تاریکدا بردمانەسەر • لە نیوەشەودا گوێم لێ‌یە وا یەکێك هــاوە بەلامەوە دەست‌دەدا لە دەستمو دەپرسێ : «هاوڕێ ! بریندار نیت ؟ » وەڵامم دایەوە : « براله ! چیت‌دەوێ لێم ؟ » وتی : « من پزیشــکی سوپاییم ، بەڵکو بتوانم یارمەتی‌یەکت بدەم » • تێم‌گەیاند کەوا شانی چەپم خڕەی دێو خەریکە دەئاوسێو ئێجگار ژان‌دەکا • بێ سێو دوو گوتی : «چاکەتو کراسەکەت داکەنە»• هەمووم لەبەرم داماڵی• بە پەنجە باریکەکانی دەستی‌کرد بە پەنجە هێنــان بــە شانمــدا • ئەوشەوە قیامەتم بەم دوو چاوەی خۆم بینی • لەتاوانا ددانەکانم بەسەر یەکدا دەهێنا • پێم‌گوت : «دیارە تۆ پزیشکی ئاژەڵی ، نەك پزیشکی مرۆڤ • چی‌یە ، بۆ وا قایم دەست بە شوێنــە ئازارکــردووەکانی لەشمدا دێنیت ؟ بۆ کابرایەکی ئەوەندە بێ‌بەزەییت ؟ » بــەلام ئــەو هەر دەستی پیا دەهێناو ، بە دەم ئەوەشــەوە بــە تووڕەیی‌یــەکەوە وەڵامی‌دامەوە : « ئیشی تۆ ئەوەیە بێ‌دەنگ بی • قسەی زیاد مەکە •

خۆت ڕاگرە • ئێستا ئازارت زیاد دەکات » • هەی هاوار ! کە دەستمی ڕاتەکاند ، چاوم پریشکی ئاگری سووری لێبووەوە • گوتم « چیدەکەیت هەی فاشیستی بەدبەخت ! من شانم وردو خاش بووە، کەچی تۆ وا قایم ڕایدەتەکێنێ ! » • گوێم لێ بوو پێکەنینێکی بەئاستەمی کردو گوتی:«وامدەزانی بە دەستی ڕاستت تێمدەسرەوێنی، بەلاّم بۆم دەرکەوت لاوێکی هێمنی • شانت نەشکابوو ، لەجێچووبوو • بۆم گرتیتەوە • ها ئێستا چۆنە ؟ ئازارەکەی کەمتر نەبوو ؟ » • ڕاستەکەی هەستم بە خۆم دەکرد کەوا ئازارەکەم خەریکە دەڕوات • لە ناخی دلّمەوە سوپاسم کرد • ئەویش بەرەو تاریکایییەکە هەستا ڕۆیی • بە هێواشی لەبەرخۆیەوە دەیپرسی : « کەس هەیە بریندار بێ ؟ » • پزیشکی ڕاستەقینە ئاوا دەبێ • لە زیندانیشا ئەرکی پیرۆزی سەرشانی خۆی بەجێدێنێ •

شەوێکی سەخت بوو • تەنانەت ڕێگای چوونە سەر پێشاویشیان نەدایین • هەر کە کردیانینە ژووری کلّێسەکەوە سەرۆکی پاسەوانەکان لەمبارەوە ئاگاداری کردین • یەکێک لە برادەرە خواپەرستەکانمان ، وەك بلّێی خوا تۆلّەی گوناحێکی لێ بسێنێتەوە ، پێویستی بە پێشئاو بوو • خۆی توند گوشی • ماوەیەك خۆی هێناو خۆی برد ، بەلاّم سەرەنجام خۆی پێ ڕاگیر نەکرا ، دەستی کرد بە گریان•• گوتی : «میحرابی پیرۆزم پێ پیس ناکرێ ! من کابرایەکی دیندارم •• مەسیحیم •• برادەرینە ! چیبکەم ، چارەم چییە ؟ » • دەزانی ئێمە چمیللەتێکین ؟ یەکێك پێدەکەنێ • هەندێك جنێو

دەدەن • بەشێکیش گاڵتەی پێ دەکەنو ڕاوێژی نابەجێی بۆ دەکەن•
ئەو هەمووییانی هێنابوە پێکەنین • بەڵام مەسەلەکە سەرەنجام خراپ
کۆتایی هات ، بەڵکو ئێجگاریش خراپ •• کابــرا دەستی کرد بــە
دەرگا کوتاندنەوەو داواکردنی ڕێدانی بۆ چوونە سەر ئاو ، بــەڵام
ئای •• داواکەیان چۆن بەجێ‌هێنا ! پاسەوانە فاشستەکە لەودیوی
دەرگاکەوە بە هەموو مەودای ئەملاو ئەولای خۆیدا دەستڕێژێــکی
زۆری کردو کابرای دینــداری ســاردکردەوە • هەروەهــا ســێ
کەسی تریش کوژران • یەکێکیش زۆر خراپ برینــدار کــرا •
ئەویش دەمەوبەیان گیانی سپارد •

کوژراوەکانمان هەموو لە شوێنێــکدا کــۆکردەوە • هەمــوو
بێدەنگ دانیشتین • نوقمی دەریای بیرکردنەوە بووین • سەرەتــا
زۆر خۆش نەبوو ، بەڵام پاش کەمێك بە چپەو بە دەنگێکی نزم کەوتینە
قسەکردن لەگەڵ یەك : کێ خەڵکی کوێیە ؟ کێ چۆن بە دیل گیرا؟
هاوڕێیانی یەك لق یاخود یەك تیپ لە تاریکاییدا لە یەك ون‌بووبوون•
دەستیان کرد بە بانگ کردنی یەکتر • لە تەنیشتمەوە گوێم لە قسەی
یەکێك بوو بە دەنگێکی کپ بە یەکێکی تری دەگــوت : « ئــەگەر
سبەینێ بەرلەوەی بمانخەنە ڕێ ، ڕیزمان بکەنو بپرسن : کــێ
قوماندانە ، کێ کۆمۆنیستە ، کێ جوولەکەیە ، نەتکردبێ خــۆت
گێل بکەیو بتەوێ خۆت بشاریتەوە ! کارت بەوە ئاســان نــابێو
ڕزگارت ناکات • تۆ لات‌وایە هەر بەوە کە بــەرگی قوماندانیــت
فڕێداوە ، ئیتر بە سەربازت تێدەگەن ؟ ئەمەت بۆ تێناپەڕێ ! یەکەم

کەس من پەنجەت بۆ ڕادەکێشم ! من دەزانم تۆ کۆمۆنیستی • وەختی خۆی کەوتبوویتە بن کلێشەی من کە بێمە پارتی‌یەوە • دە فەرموو وەلاّمی کردەوەی خۆت بدەرەوە » • ئەوەی ئەم قسانەی دەکرد لای چەپی منەوە دانیشتبوو • لەودیویەوە دەنگی لاوێك بەرزبووەوە ، لە وەلاّمدا پێی گوت : «کریژنێف ! دیارە تۆ پیاوێکی باش نیت • من هەمیشە گومانم لە تۆ هەبوو ، بەتایبەتی کاتێ کە قوبوولت نەکرد بێیتە پارتی‌یەوەو بیانووت بەوە دەهێنایەوە کەوا نەخوێندەواریت • بەلاّم من هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو بتوانی خۆت بفرۆشی • تۆ لای خۆت قوتابخانەی حەوت ساڵیت تەواو کردووە ! » • کابرا بە تەمەڵی‌یەکەوە وەلاّمی‌دایەوە : « جا چی‌یە ، با تەواوم کردبێ !»• ماوەیەکی زۆر بێ‌دەنگ بوون • دوایی قوماندانەکە بە نەرمی پێی‌گوت : « هاوڕێ کریژنێف ! پیاو بە،ئیعتیرافم لەسەر مەکە » ، کریژنێف کەمێك پێکەنی ، پاشان گوتی : « هاوڕێ ئەوانەن لە مەیدانی شەڕدان • من هاوڕێی تۆ نیم‌و داواشم لێ مەکە ئیعتیرافت لەسەر نەکەم • ئیعتیرافت هەر لەسەر دەکەم • ژیانی خۆم لا خۆشەویست‌ترە •• » •

ئەوان بێ‌دەنگ بوون ، بەلاّم گڕی نامەردیی ئەو کابرا هەموو گیانی منی هێنایە کوڵ • بیرم کردەوە • لە دڵی خۆمدا گوتم : نەخێر، کوڕی سەگ ! نابێ بێڵم ئیعتیراف لەسەر قوماندانەکەت بکەی ! لەم کلێسەیە لە دەستم دەرباز نابێ • دەبێ وەك سەگی تۆپیو کلکت بگرن‌و فڕێت‌دەنە دەرێ » • دنیا کەمێك ڕوون‌بووەوە • بینیم لە

تەنیشتمەوە بۆرە زەلامێکی حەیتەی کەللە زل لەسەر گازی پشت خۆیداوە بە زەویدا ، دەستی ناوەتە ژێر سەری • لەولاشیەوە لاوێکی لاوازی لووت کوڵ دانیشتووە ، تەنیا کراسێکی لەبەردایە ، دەستی داوەتە بەر ئەژنۆیو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە • بیرم کردەوە : ئەم لاوە دەرەقەتی ئەو ئەسپە چوار پەل قەوی‌یە نایەت • چار چی‌یە ؟ دەبێ من لەناوی‌بەرم •

دەستم خستە سەر دەستی کوڕە لاوەکەو بە چپە لێم‌پرسی : « تۆ قوم‌ندانی ؟ » • هیچ وەڵامی نەدامەوە • تەنیا سەرێکی بۆ لەقاندم • پەنجەم بۆ کابرای ڕاکشاو درێژکردو گوتم : « دەیەوێ ئیعتیرافت لەسەر بکات ؟ » • کوڕە دیسانەوە سەرێکی لەقاند • پێم‌گوت : « ئادەی قاچەکانی بگرە بۆئەوەی لنگەفرتێ نەکات• خێراکە دەی !» • خۆیشم خۆمدا بەسەریاو پەنجەکانم لە بینەقاقەی گیرکرد• تەنانەت فریای هاوارکردنیش نەکەوت • دەقیقەیەك لەژێر خۆممدا هێشتەوە ، دوایی لاچووم • کابرای خۆفرۆشتوو زمانی شکاو ژیانی تەواو بوو •

کە لێ‌بوومەوە زۆرم بێزهانەوە • ئارەزووی دەست‌شتنم دەکرد• وەك بڵێی مرۆڤ نا ، بەڵکو مارم خنکاندبێ • یەکەمجار بوو لە ژیانمدا کەسێ بکوژم ، ئەویش کێ ؟ یەکێك لە خۆمان ! بەڵام کەی ئەو لە خۆمان بوو ؟ هەستامە سەر پێ‌و بە کوڕە **قوماندانەکەم گوت :** « هاوڕێ ، با بچینە سووچێکی‌کەوە • کڵێسەکە گەورەیە » •

هەر وەك ئەو كريژنێڤە گوتی ، بەیانی هەموومانیان لای كڵێسەكەوە ڕیزكرد • لوولەی تفەنگ‌و شەستیر دەبریسكایەوە • سێ ئەفسەر كەوتنە لاخستنی ئەوانەی ترسیان لێیان هەبوو • پرسییان : كێ كۆمۆنیستە ، كێ قۆماندان‌و قۆمیسەرە ؟ بەڵام كەس بەدەرنەكەوت • هەروەها هیچ نامەردێكیش لەناوا نەبوو • ئەگەر هەبوایە دەیتوانی خەڵكێكی زۆر پێوەبكا ، چونكە نزیكەی نیوەمان كۆمۆنیست بوون • قوماندان‌و قۆمیسەریش هەروا هەبوون • لەو هەموو خەڵكە كە پتر لە دووسەد كەس دەبوون ، تەنیا جوولەكەیەك‌و سێ ڕووسیان برد • ئەو ڕووسانەش پێوە بوون ، چونكە هەرسیانیان قژیان ڕەش‌و لوول بوو • ئەوەبوو چوونە بەردەمی یەكێكیان‌و لێیانپرسی : « تۆ جوویت ؟ » • وەڵامی دایەوە : « من ڕووسم » ، بەڵام تەنانەت گوێشیان بۆ شل‌نەكرد • نەڕاندیان بەسەریدا « وەرە دەرەوە لە ڕیز » • دەستڕێژێكیان لەو مەردانە كردو ئێمەشیان دایە پێش • قوماندانەكەی ، خۆفرۆشتووەكەم لەگەڵیا خنكاند تا (پۆزنان) هەر لە تەنیشتمەوە دەڕۆیشت‌و بەدزییەوە دەستمی دەگووشی • لە (پۆزنان) لێكیان جوێ‌كردینەوە •

براله ! سەیر كە مەسەلەكە چۆنە •• هەر لە یەكەم ڕۆژەوە بیرم لەوە كردەوە چۆن بگەڕێمەوە بۆ ناوجەرگەی شەڕ • بڵێم چی ؟ تا بردیانینە كامپی بەدیل‌گیراوەكان لە پۆزنان ، تاقە جارێك چی‌یە هەلی لەبارم بۆ هەڵنەكەوت ڕابكەم • بەڵام لە كامپەكەی پۆزنان ئەو هەلەم بۆ ڕەخساء لە كۆتاییی مانگی مایسدا بوو ناردیانینە

دارستانەکەی نزیك کامپەکەمان گۆڕ بۆ دیلە مردووەکانی خۆمـان هەڵکەنین • لەوسەردەمەدا زۆر لە هاوڕێکانمان بە دەردی زەحیری گیانیان بە خاك دەسپارد • وا خەریکم گڵی پۆزنان هەڵدەدەمەوەو بە دەوروبەری خۆماندا دەڕوانم • سەرنجمدا دوان لە پاسەوانـەکان دانیشتن‌و دەستیان کرد بە نان‌خواردن • سێ‌یەمیشیان لەبەر هەتاوەکە وەنەوزی دەدا • پاچـەکەم فـڕێ‌داو بەهێـواشی چوومـە پشـت درەختەکانەوە • دوایی هەڵاتم‌و ڕاست ڕێگەی خۆرهەڵاتم گرتەبەر •

پاسەوانەکان نەیانتوانی زوو بمگرنەوە • منێـکی ماندوو برسی ئەو هەموو هێزەم لەکوێوە هەڵدەهێنجا کە لە شەوو ڕۆژێکدا توانیم نزیکەی چل کیلۆمەتر ڕێ ببڕم ؟ بەڵام ئاواتەکەم نەهاتەدی • لـە ڕۆژی چوارەمـدا ، کاتێـك کـە لــەو کامپـە نەتەویستـــە زۆر دوورکەوتبوومە ، گرتمیانەوە • سەگیان دواخستبووم‌و بە بۆن‌و شوێن پێدا لە تەویلەیەکدا دۆزیمیانەوە •

سبەینانێ بوو • دارستانەکە پتر لە سێ کیلۆمەتری مابـوو ، بەڵام نەموێرا لەوەپاش بە دەشتی بێ‌دارو درەختدا بڕۆم • نـاچار خۆم لە تەویلەیەکدا حەشار دا • مشتێ جۆم کردە ناودەمم‌و کەوتمە کرماندنی • هەندێکیشم بۆ تەنگانە کردە گیرفانم • لەناکاو گوێـم لە حەپەی سەگ بوو • ماتۆڕیش وڕەی هات • دڵم داخورپـا ، چونکە دەنگی سەگەکان تا دەهات نزیـك دەبووەوە • پـاڵ‌کەوتم‌و ڕووی خۆمم بە لەپم داپۆشی ، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێ دەم‌وچاوم نەڕنن • سەگەل خۆیان‌کرد بەژووردا • لە ماوەی چاوتروو کاندنێکا

هەرچی شڕەو پڕەیەکم پێوەبوو هەموویان لەبەر داماڵیم • بە ڕووت‌و قووتی ، وەك چۆن لە دایك بووبووم ، مامەوە • بەسەر عەرزەکەدا بە ئارەزووی خۆیان تلاو تلیان پێ دەکردم • بـەر لـە کۆتاییـش گەماڵێکیان بازی‌دایە سەر سنگم‌و چنگی لە قوڕگم گیر کرد ، بەڵام جارێ هیچی لێ نەکردم •

ئەڵەمانەکانیش بە سواریی دوو ماتۆڕ گەیشتن • لەپێشدا بـە ئارەزووی خۆیان تێر تێر کوتامیـان • دواییـش سەگەلەکەیـان تێ‌بەردامەوە • سەگەل پێستیان بە لەشمەوە نـەهێشت • بە قەپـاڵ گۆشتیان لێ دەپچڕیم • بە ڕووت‌و قووتی‌و لەشی خەڵتانی خوێنەوە بردمیانەوە کامپی دیلەکان • لە سزای هەڵاتندا مانگێك لـە ژووری سزایان توند کردم •

براله ! یادکردنەوەی دەردو مەینەتی کامپی دیلەکان کارێـکی جەرگبڕە • خۆ گێڕانەوەی ، ئەوە هەر مەپرسـە • کە بـیر لـەو

سزادانە دڕندانەیە دەکەیتەوە لە ئەڵەمانیا چێشتمان ، یان کە ئـەو هاوڕێو برادەرانە دێنیتەوە پێش چاو کە لە کامپی دیلەکانا بەدەم ئازارەوە دەتلانەوەو دەکوژران ، دڵ لە سنگ دەردەپەڕێو قوڕ ک دەکەوێتە پرتەپرتو هەناسە سوار دەبێ •

لە ماوەی دوو ساڵی دیلیدا بۆ کوێیان نەناردمو چییان بەسەر نەهێنام ! لەو ماوەیەدا نیوەی ئەڵەمانیام کرد • لە (ساسکۆن) لـە کارگەی پلاستیك كارم دەکرد ، لە ناوچەی (ڕووڕس) خەڵوزم لە کانـەوە دەگوێزایـەوە ، لە (باڤاریـا) زەویـم هەڵدەکەنـد ، لـە (توورینگ)یش ئیشـم دەکـرد • بـە زۆر سـەرانسـەری وڵاتـی ئەڵەمانیایان گێڕام • براله ! سروشتی ئەو وڵاتە سروشتێکی هەمـە چەشنە ، بەڵام لە هەموولایەکی وەك یەك براکانمانیان دەبـڕیو دەکوشت •• ئـەو چەپەڵو بێویژدانە نەعلەتییانە بە چەشنێـك لێیاندەداین لای ئێمە وا لە دڕندەش نادرێ • بە مست ، بە شەق ، بە قامچی ، بە ئاسن لێیان دەداین •• گوێیان نەدەدایە ، هەرشتێك دەستی پیا ڕابگەیشتایە تێیان دەسرەواندین • خۆ بـاسی قۆناغـە تفەنگو ئەو جۆرە شتانە ، ئەوە هەر ناکرێ •

لێیان دەداین لەبەرئەوەی ڕووس بوویـن •• لەبەرئـەوەی هێشتا تەماشای جیهانی ڕوونمان دەکرد •• لەبەرئەوەی زەحمەتمان بۆ دەکێشـان •• لەبەرئـەوەی ڕۆیشتنمانیـان بـە دڵ نەبـوو •• لێیاندەداین بۆئەوەی بمانکوژن •• بۆئەوەی لە دنیادا نەمێنین •• بەڵام دۆزەخی ئەڵەمانیا بەشی هەموومانی نەکرد ••

خواردن له سەرپاکی کامپەکاندا وەك یەك بوو : سەدو پەنجا گرام کولێرەی نانی هەرزنی پڕ لە سۆس‌و تۆزێك شۆربای شێلم • پیاڵەیەك ئاوی گەرم لە شوێنێك دەیانداو لە شوێنێکی‌کە ئەوەش نەبوو • پێویست بە باس‌کردن ناکا ، خۆت حوکم‌بدە : من بەر لە شەڕ هەشتاو شەش کیلۆ بووم ، بەڵام دەمەو پایز لە پەنجا کیلۆ پترم نەمابووەوە ، تەنیا پێستێکی بە ئێسقانەوە نووساو بووم • هێندە بێ‌هێز بووبووم ئێسقانەکانیشم پێ بەڕێوەنەدەچوون • لەگەڵ ئەوەش هەمیشە دەیانشیپڕاند بەسەرما : یەڵلا ، دەی کار بکە • خۆ ئەگەر وشەیەکت بەدەمدا بهاتایە ، کارێکی هێندە گرانیان دەدای بەسەردا بە ئێسترێکی زەبەللاح نەکرێ •

ئێمە کە سەدو چل‌و دوو دیلی سۆڤیەتی بووین ، لە سەرەتای ئەیلوولدا لەو کامپی دیلانەی قەراخ شاری (کیۆسترین)ەوە گواستیانینەوە بۆ کامپی دیلانی (ب ـ ١٤) کە دەکەوتە نزیك شاری (درێزدن)ەوە • ئەم کامپە لەوکاتەدا نزیکەی دووهەزار کەسی دیلی لە ئێمە تێدابوو • هەموو لە کانە بەردەکان ئیشمان دەکرد • بەردی ئەڵەمانیامان دەبڕی ، دەمانشکاند ، وردمان دەکرد • هەر یەکێکمان دەبوو ڕۆژی چوار مەتری شەش‌ڕوو (مکعب) بەرد ئامادەبکا • ئەمە ئێجگار زۆر بوو • بەڵێ بە بێ ئەم مەینەتەش گیانمان بە دەزوویەکی قرچۆکەوە بەلەشمانەوە بەند بوو • فەرموو وا ئەنجام دەستی کرد بە دیاری‌دان : پاش دوو مانگ ، لە کاروانە سەدو چل‌و دوو کەسی‌یەکەی ئێمە پەنجاو حەوت کەسی مایەوە • براله ! ئەمە چۆن

کارەساتێکە ؟ لێرە خۆ فریای مردوونناشتن ناکەوی ، کەچی سەرباری ئەوە بەکامپی دیلەکانا واتەوات دادەکەوێ کەوا ئەڵەمانەکان ستالینگرادیان داگیرکردو خەریکن بەرەو سیبیریا دەڕۆن • خەم لەسەر خەم وا مرۆڤ دەچەمێنێتەوە • چاوی لە زەوی بۆ هەڵنابڕێ• پاسەوانانی کامپەکەش بەدرێژاییی ڕۆژ بە دەنگی بەرز گۆرانی دەڵێن ، قاقا لێدەدەن و دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن •

ڕۆژێکیان ئێوارە لە کار گەڕاینەوە بۆ کامپەکە • بەدرێژاییی ئەوڕۆژە باران شەصتو ڕەهێڵەی دەکرد • لەشمان هەموو خووسابووەوە • بایەکی ساردیش ئێسقانمانی دەسمی• ددانە چۆقەمان پێکەوتبوو • جێیەك نەبوو خۆمانی تیا وشك کەینەوە ، خۆمانی لێ گەرمکەینەوە • لەگەڵ ئەوەشدا هێندە برسیمان بوو مردنمان لەو حاڵە پێ خۆشتر بوو ، کەچی سەرەڕای هەموو ئەوە ئەو ئێوارەیە نانیشیان نەداینێ •

بەرگە شڕە تەڕەکەمم لەبەرم داماڵی • فڕێمدایە سەر تەختەکەمو گوتم : « وەرە ڕۆژی چوار مەتری شەش‌ڕوو بەردیان بۆ ئامادە کە ، کەچی بۆ گۆڕی هەر یەکێك لە خۆمان مەترێکی شەش‌ڕوو سەرو زیادە » • هەر ئەوەندەم گوت ، کەچی لەناو خۆماندا نامەردێك پەیدابوو ئەو وشە تاڵانەی منی گەیاندە قوماندانی کامپەکە •

قوماندانی کامپەکەمان (میووللەر)ی ئەڵەمانی کابرایەکی کورتە باڵای تێکسمڕاو بوو • خۆیو سەرو بڕۆو برژانگی هەموو سپی

بوون• زۆر باش بە ڕووسیقسەی دەکرد • وەك منو تۆ • (ئۆ)یشی قەڵەو دەردەبڕی ، وەك بییەوێ پیشانی بدا کەوا ڤۆلـگاییـیەکی ڕەسەنە • لە جنێوداندا وەستای چاك بوو • نازانم ئەو لەعنەتییـە ئەو زانستەی لەکوێ خوێندبوو •

وادەبوو لەپێش بینای کامپەکەدا کە ئەوان (بەڕاك)یان پـێ دەگوت ـ ڕیزیان دەکردین • ئەو خۆی پێش سـەگە نـازییەکان دەکەوتو بـە بەردەممانـدا تێدەپـەڕی • دەسـتی ڕاسـتی ڕەپ ڕادەگرت • دەستکێشی چەرمی لەدەستدا بوو • دەستـکێشەکانیشی تەلی قوڕقوشمیان تیدا بوو تاکو پەنجەکانی ئازاریان پـێ نـەگات • دەڕواو بە لووتی یەك بە یەکمانیدا دەکێشـێو خوێنـی پـێ لـێ بەردەداتەوە • بە پێکەنینێکیشەوە دەیگوت ئەمە بۆ خۆ پاراسـتن لە ئەنفلەوەنزە چاکە •

هەموو ڕۆژێ ئەمە پیشەی بوو • سەرانسەری کامپەکە لـە چوار خـانوو پێکهاتبوو • ئەمڕۆ پزیشکی خـانووی یەکەم دەبـوو ، سبەینێ هیی دووەمو ••• هەمیشە هەر بەمجۆرە • کەماڵێکی هێندە ڕێکوپێك بوو ڕۆژانی پشوویش هەر کاری دەکرد •

ڕۆژێ دوای ئەوەی قسەکـەم لەمـەڕ مـەترە شـەشڕووە بەردەکە کرد ، ئەم قوماندانە بانگی کردم بۆ لای خۆی • ئێوارە بوو وەرگێڕەکە خۆی کرد بە ژووردا • دوو پاسەوانیشی لەگەڵ بوو • پرسی : « سۆکۆلۆف کێیە ؟ » •

وەڵامم دایەوە : «منم» • گوتی : « خێرا دوامان کەوە• قوماندانی کامپ داوای کردوویت » • تێگەیشتم بۆچیی داواکردووم • بۆ کوشتن •

خوا حافیزیم لە هاورێکانم کرد • هەموو دەیانزانی بۆ مردن دەڕۆم • هەناسەیەکم هەڵکێشاو ڕۆیشتم • وا بە حەوشی کامپەکەدا تێدەپەڕم ، دەڕوانمە ئەستێرەکانی ئاسمان • خواحافیزی لەوانیش دەکەم • بیردەکەمەوە : « ئای سۆکۆلۆف ! مەینەتو عەزابت دی• لە کامپی ژمارە سێ‌سەدو سی‌دا یەکەمیت پچڕی » • بەزەییم بە ئیریناو منداڵەکانمدا هاتەوە • بەڵام دوایی بەزەیی‌یەکەم نیشتەوەو خۆم توند کردەوەو غیرەتم دا بەر خۆم تا وەك سەربازێکی ئازا ، بێ‌ترس تەماشای کونی لوولەی دەمانچەکە بکەم ، بۆئەوەی دوژمنان لە دوا دەقیقەی ژیانمدا وا نەبەتە پێش چاویان کەوا لە ژیان جوێ‌بوونەوەم لا گرانە •

چەپکەگوڵ لەسەر پەنجەرەکانی ژووری قوماندان دانرابوون• ژوور پاكو خاوێن ، وەك یانە چاکەکانی ئێمە • بەڕێوەبەرانی کامپەکە هەموو لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون • پێنج کەس بوون • خەریکن ئارەقی (شناپس) هەڵدەدەن‌و قاورمە دەخۆن • لەسەر مێزەکە قاپێکی گەورەی شناپس ، نان ، قاورمە ، سێو ، قوتووی خۆراکی هەمەچەشنەی ناوپاکەت دانرابوو • بە لاچاوێك سەیرێکی ئەو هەموو خواردەمەنی‌یەم کرد ـ ڕەنگە بڕوام پێ نەکەی ـ هێندە دڵم تێکەڵ هات • خەریك بوو بڕشێمەوە • من وەك گورگی برسی

وابووم • له خواردەمەنیی ئادەمیزاد تەرە بووبووم ، جا وەرە ئـەو هەموو خواردەمەنییە خۆشەت لە بەردەمدا بێ !

بە هەرجۆرێ بوو دڵ تێکەڵهاتەکەم لە بیر خۆم بردەوە ، بەڵام چاوترووکاندن لە مێزەکە هێزێکی مەزنی دەویست •

میووللەر بە نیمچە سەرخۆشی‌یـەکەوە بەرانبـەرم دانیشتبوو ، یاریی بە دەمانچەکەی دەکرد • لەم دەست هەڵی‌دەدایە ئەو دەستو تەماشای منی دەکردو وەك مار چاوی نەدەترووکاند • بە دەسـتو قاچی بریندارەوە هانمە پێشەوەو بە دەنگێکی بەرز خۆم پێشکەش کرد:

ـ من سۆکۆلۆڤی دیلم • بە فەرمانی ئێوەی قوماندان هاتوومەتە ئێرە •

ـ ها چی‌یە ، ئیڤانی ڕووس ! ئامادەکردنی چوار مەتری شەش‌ڕوو بە زۆر دەزانی ؟

لە وەڵامدا گوتم •

ـ بەڵێ ، قوماندان ! بێ‌گومان زۆرە •
ـ مەترێك بەشی گۆڕت دەکات ؟
ـ قوماندان ! بەتەواوی بەشی دەکاتو لێشی دەمێنێتەوە •

هەڵستایە سەر پێ • گوتی : « من شەرەفێـکی گەورەت پـێ دەبەخشم • هەر ئێستا لەسەر ئەو وشانە خۆم ڕیزێکت لێ دەکەم • لێرەدا جوان نی‌یە ، با بڕۆینە حەوشە • لەوێ نیشانت‌دەدەم » •

پێم گوت : « ئارەزووی خۆتە » • ڕاوەستاو بیرێکی کردەوە • دوایی دەمانچەکەی لەسەر مێزەکە داناو پەرداخێکی پڕ شناپسی بۆ تێ کردم • پارچەیەکیش نانی هێناو پلێك قاورمەی لەسەر دانا • ئەمەی هەموو دایە دەستم و گوتی : « ئیڤانی ڕووس ! پێش ئەوەی بمری ئەم پێکە لە سەرکەوتنی چەکی ئەڵەمان بخۆرەوە » •

پەرداخ و مەزەکەم لە دەستی وەرگرت • بەڵام هەر کە گوێم لەو وشانە بوو ، وەك بزووتکم پێوە بنێن وابوو • لەبەرخۆمەوە بیرم کردەوە ، گوتم : « سوپاس بۆ ئەو میوانداری‌یە ، بەڵام من

ناخۆمەوە»• بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی : «حەزناکەی لە سەرکەوتنی ئێمە بخۆیتەوە ؟ کەواتە لە مەرگی خۆت بخۆرەوە » • چیم لەکیس دەچوو ؟ پێم گوت : « لە مەرگی خـۆم و ڕزگاربـوون لە عـەزاب دەیخۆمەوە » • بەدەم ئەو قسانەوە پەرداخەکەم هەڵگرت و بە دوو قوم چۆڕم لێ بڕی ، بەڵام دەستم بۆ مەزەکە درێـژ نـەکرد • بـە ناسکی بـە لەپی دەست لێوەکانم سڕی و گوتم : « سوپـاس بـۆ ئەو میوانداری یە ، قوماندان ! من ئامادەم ، با بڕۆین ، بمکوژە » •

قوماندانەکە ورد ورد تەماشای دەکردم • گوتی : « تۆ هیچ نەبێ بەر لە مردن شتێك بخۆ » • لە وەڵامی ئەو قسەیەدا گوتم : « عادەتم نی یە لەگەڵ پەرداخی یەکەمدا مەزە بخـۆم » قومانـدان پـەرداخی دووەمی بۆ تێکردم • ئەویشم هەڵقوڕاند • ئەمجاریش دەستم بـۆ مەزەکە نەبرد • دەماری ئازایەتیم تەواو لێی دا • بیرم کردەوە ، لە دڵی خۆمدا گوتم : « خۆ هیچ نەبێ بەرلەوەی بڕۆمە حەوشەو لە ژیان جوێ ببمەوە ، تێر دەخۆمەوە » • قوماندان برۆ سپی یەکانی هەڵبڕی و پرسی : « ئیڤانی ڕووس ! چی یە ، بۆ مەزەی لەگەڵ ناخۆی • بـێ شەرم کردن پێم گوت : « قوماندان ! ببوورە • من فێر نەبووم دوای پەرداخی دووەمیش مەزە بخۆم»• قوماندان گوپەکانی هەڵئاوساندو لەپڕ دایە پڕمەی پێکەنین • لەگەڵ قاقای پێکەنینەکەشدا بە ئەڵمـانی کەوتە قسە•دیاربوو وتەکانی منی بۆ هاوڕێکانی وەردەگێڕا•ئەوانیش دایانە پێکەنین• کورسی یەکانیان وەرچەرخاندو هەموو ڕوویان کردە من • هەستم کرد کەوا نەرمتر لێم دەڕوانن •

قوماندان پەرداخی سێیەمیشی بۆ تێکردم • خۆشی لەبەر پێکەنین دەستی دەلەرزی • ئەم پەرداخەیانم کەمێك لەسەرخۆ خواردەوە • پارچەیەکی بچووکم لە نانەکە خواردو ئەوەی مایەوە لەسەر مێزەکە دامنایەوە • هەرچەندە لە برسانا وەختەبوو بمرم ، حەزم‌کرد نیشانی ئەو نەعلەتی‌یانەی بدەم کە ئەو خواردنەی ئەوان کار لە من ناکاو من غیرەتو پیاوەتیی ڕووسانەی خۆمم هەیەو ئەوان بە هەموو تەقەلاو هەوڵێکیانەوە ناتوانن بمکەنە حەیوان ••

ئەمجار ئیتر قوماندان ڕەنگی کەسێکی لێ نیشت کە بە ڕاستی بێ • دوو خاچە ئاسنیەکەی بە سنگیەوەی کردبوون ، ڕاستی‌کردنەوە • بێ‌چەك لەودێو مێزەکەوە هاتەدەرێو گوتی : « سۆکۆلۆف ! تۆ سەربازی ڕاستەقینەی ڕووسی • تۆ سەربازێکی ئازاو نەبەردی • منیش سەربازمو ڕێزی دوژمنی خاوەن کەرامەت دەگرم • من ناتکوژم • ئاگادارت دەکەم کەوا ئەمڕۆ هێزەکانمان لە ڤۆلگا پەڕینەوەو ئێستا دەستیان بەسەر سەرپاکی ستالینگرادا گرتووە • ئەمە بۆ ئێمە خۆشی‌یەکی گەورەیە • لەبەرئەوە من ژیانت پێدەبەخشمەوە • بڕۆرەوە کامپەکەی خۆت • با ئەمەش پاداشتی نەبەردیت بێت • سەموونێكو پلێ قاورمەی لەسەر مێزەکە هەڵگرتو دایە دەستم •

سەموونەکەم بە هەموو هێزم گرتبوو • پلە قاورمەکەیش لە دەستی چەپمدا بوو • ئەو وەرچەرخانە چاوەڕوان نەکراوەی قوماندان بە چەشنێ شڵەژاندمی ، سوپاس کردنی لە بیر بردمەوە •

وەرگەڕام بۆ دواوەو بەرەو دەرگاکە هەنگاوم‌ناو لە دڵی خۆمدا گوتم: « ئێستا لەپشتەوە تەقەم لێ دەکاو شانم هەڵدەتەکێنێ‌و خواردنەکەی دەستیشم ناگەیەنمە هاوڕێکانم • نەخێر هیچ ڕووی‌نەدا • ئەمجارەش لە مەرگ ڕزگار بووم ، بەلام کزەبای ساردی مەینەت هەر بەردەوام بوو •

بە پەلە بە پێی خۆم لە ژوورەکەی قوماندان دەرچووم • بەلام لە حەوشەکەدا هەنگاوم بە باشی بۆ نەدەنرا • هەر کە گەیشتمە قاوشی دیلەکان بێ‌هۆش لەسەر زەوی‌یە چیمەنتۆ ڕێژەکە کەوتم • هێشتا شەبەقی نەدابوو هاوڕێکانم بێداریان کردمەوە تا « بۆیان بگێڕمەوە » ! هەرچی لە ژووری قوماندانەکە ڕووی‌دابوو لێم هەمووم بۆ باس‌کردن • یەکێك لە هاوڕێکانم بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی : «خواردنەکە چۆن دابەش کەین؟» گوتم: «بەیەکسان» •چاوەڕوانمان‌کرد تا دنیا ڕووناك بوەوە • بە تاڵە دەزوویەك سەموونەکەو قاورمەکەمان پارچە پارچە کرد • هەریەکە هێندەی قاوغە شقارتەیەکمان بەرکەوت • هەریەکە بە حیساب بەشی خۆی وەرگرت • هەرچی قاورمەکە بوو خۆت دەزانی هەر بەشی ئەوەی دەکرد لێومانی پێ چەور بکەین ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بێ‌ئەوەی کەس مەغدوور کەین لەناو خۆمانا دابەشمان کرد •

زۆری نەخایاند سێ‌سەد کەسی شان‌و قۆڵ پتەویان لێمان نارد بۆ زەلکاو وشك‌کردنەوەو ، لەوێشەوە ناردیانین بۆ ناوچەی (ڕووڕس)و لەوێ لە کاتێك خستیانینە کار • تا ساڵی چل‌و چوار

لەوێ مامەوە • لەودەمەدا هێزەکانی ئێمە لووتبەرزیی ئەڵمانەکانیان شکاندبوو • فاشستەکان ئیتر وازیـان لـە سووککردنـی دیلەکان هێنابوو •

ڕۆژێکیان هەموویان ڕیزکردین • ئەفسەرێك هاتبوو وەرگێڕێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو • گوتی : « کێ لە سەربازیدا یا بەرلەوەی ببێ بە سەرباز شۆفێریی کردووە ، هەنگاوێك بێتە پێشەوە » • حەوت کەسێك کە زووتر ئۆتۆمۆبیلمان لێخوڕیبوو چـووینە پێشـەوە • سەرو دەست جلی کۆنی تایبەتی‌یـان داینێو ناردیانین بـۆ شاری (پۆتسدام) •

لەوێ لێکیان جوێ کردینەوە • هەریەکێکیان ناردین بۆ لایەك • منیان کردە شۆفێری بەشی ڕێگاوبان دروستکردنو ئامادەکردنـــی پێویستی‌یەکانی بەرگری •

کردمیانە شۆفێری ئەفسەرێکی ئەندازیار • ئای خوایە کـە گۆشتی پێوە بوو ئەو فاشیستە ! کورتەبنە ، ورگن ، درێژیو پانیی لێك نەئەکرایەوە • پاشەڵو سمتێکی خڕی وەك هیی فلقەکۆنێك • لەپێشەوە لەژێر چەناگەیەوە غەبغەبەی سێ چین نیشتبوە سەر یەكو بەسەر یەخەی چاکەتە سەربازی‌یەکەیدا شۆڕ بووبوونەوە • پشتی ملیشی سێ چینی ئەستوور بوو • باوەڕت هەبێ بە لانی کەمەوە سێ هۆقە بەز بە لەشی‌یەوە بوو • کە بەڕێدا دەڕۆیشت هەناسە بڕکێی پێدەکەوت • وەك شەمەندەفەر گرمە گرمی دەهات • بۆ خواردنیش

هەتا هەبوایە دەیخوارد ! ڕۆژ تا ئێوارە دەلەوەڕا • سوراحیی کۆنیاکی دەنا بەسەریەوە • جاریوا دەبوو منیش شتێکم لێیەوە دەسگیر دەبوو • وادەبوو لە ڕێگا ڕایدەگرتم ، بوتلێکی فتدەکردو دەکەوتە قاورمەو پەنیر خواردن • کاتێ کە زەوقی هەبوایە ، وەك بۆ سەگ ، پارچەیەکی بۆ منیش هەڵدەدا • بەڵام هەرگیز نەیدەدایە دەستم • وایدادەنا ئەگەر وابکا ئەوە بۆ ئەو سووکیە • بەڵام هەرچۆنێ بووبێ ئەو حاڵەم لەگەڵ حاڵم لە کامپی دیلەکانا بەراورد ناکرێ • وام‌لێ‌هات شێوەم کەمێك بێتەوە سەر شێوەی ئادەمیزاد • ڕاستە زۆر کەم ، بەڵام ئاهێکم هاتەوە بە بەردا •

دوو هەفتەیەك ئەفسەرەکەی ئاغامم لە پۆتسدامەوە دەبرد بۆ بەرلین‌و دەمگەڕاندەوە • پاشان ناردیانە نزیك ناوچەی شەڕ بۆ دروستکردنی هەندێ پێویستی بەرگری لەدژی هێزی خۆمان • ئیتر لەوێ خەوو خۆراسم بەجارێ لێ حەرام بوو • شەوو ڕۆژ بیرم لای هەڵاتن بوو : چۆن بگەمە لای هاوڕێکانم‌و بگەڕێمەوە بۆ نیشتمان ؟

هاتین بۆ شاری (پۆلۆتسك) • دەمەوبەیان بوو پاش دوو ساڵ بۆ یەکەمجار گوێم لە ناڵەی تۆپەکانی خۆمان بوو • براله ! دەزانیت دڵم چۆن کەوتە لێدان ؟ کە هێشتا ژنم نەهێنابوو ، یەکەمجار لەگەڵ ئیرینا یەکترمان ناسی ، ئەوەش ئەوەندە نەیخستمە دڵەکوتە • شەڕ هەشتا کیلۆمەترەیەك لە خۆرهەڵاتی پۆلۆتسکەوە بوو • ئەڵەمانەکانی ناو شار مۆن‌و تووڕە بوون • ئاغا قەڵەوەکەی منیش

له خەفەتا بەتەواوی سەری کردبوە خواردنەوە • بە ڕۆژ دەچووینە قەراغ شارو فەرمانی دەدا چیی پێویستە بۆ بەرگری دروستبکرێ• ئەویش بە تەنیا هەر دەیخواردەوە • ئازای ئەندامی هەموو ئاوسابوو • پێلووی چاوەکانی دەتگوت تووورەکەیان پێوە شۆڕکراوەتەوە •

بیرم کردەوە : « چاوەڕوانی لەوە زیاتر بەکەڵك نایەت • ئەمڕۆ ئیتر ڕۆژی منە • پێویستیشە بە تەنها هەڵنەیەم • دەبێ قەڵەوەکەی ئاغاشم لەگەڵ خۆم بەرم • کەڵکی هاوڕێکانمانی پێوەیە » •

پارچە ئاسنێکی سکرابی دوو کیلۆییم دۆزییەوە • بۆئەوەی ئەگەر پیامدا کێشا خوێنی لێ نەیەت ، لە پەڕۆیەکمەوە پێچا • پارچەیەك تەلی تەلەفۆنیشم لەسەر ڕێگاکە هەڵگرت • هەموو ئەوەی پێم پێویست بوو ، بە باشی ئامادەم کردو لەژێر کوشنی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەدا شاردمنەوە • دوو ڕۆژ بەرلەوەی مالآوایی لە ئەڵەمانەکان بکەم ، دەمەو ئێوارەکە لە کار دەگەڕامەوە ، دەبینم ئەفسەرێکی ئەڵەمانی بەرێدا دەڕوات • سەرخۆش و چەپەڵ ، لا لە موو دەکاتەوەو ڕەتدەداو خۆی بە دیوارەکانەوە دەگرێتەوە• ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕاگرتو بانگم کرد ، جلەکانیم لەبەر داکەند • ئەزانەشم هەروا خستە ژێر کوشنی ئۆتۆمۆبیلەکەوە •ئیتر بەتەواوی ئامادە بووم •

سبەینێی بیستونۆی حوزەیران بوو • ئەفسەرەکەی ئاغام

فەرمانی دامێ کە بیبەم بۆ دەری شار ، بەرەو (ترۆستینتسا) • ئـەو لـەوێ سەرپەرشتـــی کردنی پێکەوەنـــانی پێویستی‌یـــەکانی بەرگری‌کردنی لە ئەستۆ بـوو • کەوتینـــەڕێ • ئـەو لـەدواوە لەسەرخۆ کەوتە باوێشك‌دان • وەنەوز دەیبردەوە • منیش دڵـم وەختە بپچڕێ • خێرا دەڕۆیشتم • لە قەراخ شارەوە پتر پێـم بـە بەنزیندا نا • پاشان کە بەتـەواوی لـە شـار دوورکەوتینـەوە ، ئۆتۆمۆبیـلەکەم ڕاگرت • هـاتمە خـوارەوە • ئاسنـەکەم لەژێـر کوشنەکە دەرهێنا • دەرگای ئۆتۆمۆبیلـەکەم تـەواو کـردەوە • ئاغـەی قەڵەو پرخەی دەهات • دەتوت سەری لەسەر قۆڵی ژنەکەی داناوە • زرم ها ئاسنەکەم کوتا بە تەپڵی سەریـدا ، سـەری لار بووەوە • بۆ زیادە متمانە کە لە پەل‌وپۆم خستووە جارێکی‌تریشـم تێسرەواندەوە ، بەڵام حەزم نـەکرد بیتۆپێنـم • دەمویسـت بـە زیندوویی بیگەیەنمە بەرەوە • دەبوو گەلێك شتمان بۆ باس‌بکات • دەمانچەکەیم لە کیفەکەی دەرهێناو خستمە گیرفانمەوە • تـەلی تەلەفۆنەکەشم بە کورسی‌یەکەی دوایەوە گیرکردو لە ملیم ئاڵاندو گرێ‌کوێرەیەکیشم تێ‌خست بۆئەوەی بـەملاو بەولادا نـەکەوێ ، نەوەك لە کاتی لێخوڕینی خێرای ئۆتۆمۆبیلەکەدا بەربێتـەوە • بەرگە ئەفسەری‌یە ئەڵمانی‌یەکەم لەبەرکردو ڕێـك پێـم نـا بـە بەنزیندا ، بۆ ئەو شوێنەی زەوی ناڵەی تیا لێوە دەهات •• بـۆ ئەو شوێنەی مەیدانی شەڕ بوو •

ئەڵەمانەکانی خەتی پێشەوە لێم ڕاپەڕین • ئەوانەی ناو سەنگەرەکان سەریان دەرهێنا • منیش بە ئەنقەست هێواشم کردەوە بۆ ئەوەی ببینن ئۆتۆمۆبیلەکە ئەفسەرێکی تێدایە ، بەڵام ئەوان هەر هاوار هاواریان بوو دەستیان ڕادەوەشاند گوایە بۆ ئەوێوە قەدەغەیە• وام پیشاندان کە تێنەگەیشتم • تەواو پێمنا بە بەنزینداو هەشتا کیلۆمەترەکەم هەموو قەپاتکرد • کاتێ ئەوان لە مەسەلەکە گەیشتن و دەستیان کرد بە تەقە بەدوامدا ، من گەیشتبوومە خاکێکی بێلایەن ، بەڵام بەناو چاڵو چۆڵیدا لە کەروێشك خراپتر قەڵەمبازم دەدا ••

لەپشتەوە ئەڵەمانەکان تەقەیان لێ دەکردمو ، لەپێشیشەوە کۆمەڵەکەی خۆمان کردبوومیان بە نیشانەو بە شەستیر ڕێزیان لێ دەکردم • لە چوار لاوە شووشەی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەمیان کونکرد ، ڕادێتەرەکەیان کرد بە بێژنگ • دەریاچەیەکم بەدی کرد

چوار دەورەکەی دەوەن بوو • هێنەکانی خۆیشمان بە ڕاکـردن بـەرەو ڕووی ئۆتۆمۆبیلەکەمـان دەهـاتن • خـۆم کرد بـە نـاو دەوەنەکەدا • دەرگـای ئۆتۆمۆبیـلەکەم کردەوەو لێی داپەڕیمـە خوارەوە •• باوەشم بە زەوییەکەدا کردو کەوتمە ماچ کردنی •• هەناسە بڕکێم پێ کەوتبوو ••

کوڕێکی لاو بـە بـەرگی سەربازییەکەیەوە کـە کۆمـەڵێ نیشانەیوای پێوە بوو هەرگیز شتی لەو بابەتەم بەرچاو نەکەوتبوو ـ خـۆی گەیانـدە سەرم • ددانـی لـێ جیڕ کردمـەوەو شیڕاندی بەسەرما : « ها ئەفسەرە چەپەڵەکان ! ڕێتان هەڵەکردوە ؟ » • جلە ئەفسەرییە ئەڵەمانییەکەم لەبەرم داماڵیو نیشانەکانیم خستە ژێـر پێو پێم گوت : « قوربان ! ڕۆڵەی شیرینم منێکی فەرۆنیزیی ڕەسەن ، چۆن بە ئەڵەمانـم تێدەگەی ! جـارێ ئـەو بەرازە بـکەنەوە کە لـە ئۆتۆمۆبیلەکەدا بەستوومەتەوە ، جانتاکەی بێنن‌و منیش بگەیەننە لای قوماندانەکەتان •

دەمانچەکەمم دانێ • لەم دەستەوە دەدرام بەو دەست • نزیکی ئێوارە بوو خۆم لە بەردەم ئەفسەری قوماندانی تیپەکەدا بینییەوە • بەر لەوە تێروبڕیان دەرخوارد دام ، بردمیانە گەرماو ، بەرگی نوێیان بۆ هێنام • بەوچەشنە ، وەك بـاوە ، بـە لەشی خـاوێن‌و بەرگـی ڕێکوپێکەوە ، چـوومە بـارەگای قومـاندان • قومـاندان لەپشـت مێزەکەیەوە لەبەرمهەستاو بەرەو پیرم هات • لەپێش چاوی هەموو ئەفسەرەکاندا باوەشی پێدا کردمو گوتی : «سوپاس بۆ تۆی سەرباز،

بۆ ئەو دیاری‌یە بەنرخەی لای ئەڵەمانەکانەوە بۆت‌هێناوین • ئـەو ئەفسەرەی تۆو جـانتاکەی دەستی لـە بیسـت بەدیل‌گیراو بۆ ئێمە بەنرخترن • ڕاپۆرتێك لەم‌بارەوە بۆ فەرماندەیەتیمان دەنووسـم‌و پێشنیاریشی تیا دەکەم خەڵاتی دەوڵەتت بدەنێ • ئەو وشە ناسکانەی قوماندان قوڕگیان پڕکـردم لە قوڵپی گریـان • لێوەکانم کەوتـە لەرەلەر • تەنها ئەوەندەم پێ کرا کە بڵێم : « هاوڕێی قوماندان ! تکات لێ دەکەم لە هێزی.پیادەم دابنێ » •

قوماندان پێکەنی‌و دەستی خستە سـەر شانم • گوتی : «تۆیەك کە بە هەزار حاڵ دەتوانی بەپێوە بوەسـتی ، شـەڕت لەکوێ پـێ دەکرێ ؟ هەر ئەمڕۆ ڕەوانەی نەخۆشخانەت دەکەم • لەوێ جارێ تیمارت دەکەن ، تێرت دەکەن ، پاش ئەوەش پشـووی مانـگێکت دەدەنێ ، دەچیتەوە بۆ لای ماڵ‌و منداڵەکەت • کە گەڕایتەوە لامان ، ئەوسا بڕیار دەدەین لەکوێت دابنێین » •

قوماندان‌و تێکڕای ئەفسەرەکانی بارەگا بە دڵ دەستیان گوشیم‌و بە گەرمی خوا حافیزی‌یان لێ کردم • کە چوومە دەرێ تـەواو هەستم بە تێکشکاوی‌و بێ‌هێزیی خۆم کرد ، چونکە لە ماوەی دوو ساڵی ڕەبەقدا قسەی خۆش‌و مرۆڤانەم نەبیستبوو • براله ! سەیـر ئەوەیە تا ماوەیەکی زۆریش کە قسەم لەگەڵ هەر فەرماندەرێکدا دەکرد لێم بووبوو بە خوو بێ‌ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ هەردەم شانم هەڵدەبڕی‌و سەرمم لەنێوانیاندا دەشاردەوە ، وەك بڵێی ترسی ئەوەم

بێ لێم‌بدەن • سەیرکە ، لە دیلخانەی فاشیستەکاندا فێری چی‌یان کردبووین •

لە نەخۆشخانەوە یەکسەر نامەیەکم بۆ ئێرینا نووسی• بەکورتی باسی هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە • لە دیلیدا چ‌دەردو ئازارێکم چێشتبوو ، چۆن هەڵاتم‌و چۆن ئەفسەرێکی ئەڵەمانیشم لەگەڵ خۆم هەڵگرت •• پێم‌بڵێ ئەو خۆهەڵکێشانە منداڵانەیە لەکوێوە هات • خۆم پێ ڕاگیر نەکرا • خەبەری ئەوەشم‌دایە کە قوماندان بەڵێنی داوەمەتێ داوای خەڵاتم بۆ بکات ••

دوو هەفتە هەر دەنووستم‌و دەمخوارد • پزیشك ڕێی هەموو جۆرە خواردنێکی نەدابووم ، بۆیە خواردنی تایبەتی‌یان دەدامێ • هێزم هاتەوە بەبەردا • پاش دوو هەفتە ئیتر دڵم گیرا • هیچی نەدەبردو نەمدەتوانی هیچ بخۆم• لە ماڵەوە وەڵام نەبوو • نایشارمەوە ماتەمینی دایگرتم • خواردنم هەر نەمابوو • خەوم لێ حەرام بووبوو• هەزار خەیاڵی سەیر بەدەوری مێشکمدا خولی دەخوارد •• لە هەفتەی سێهەمدا لە ڤەرۆنیژەوە نامەیەکم بۆ هات ، بەڵام ئێرینا نەینووسیبوو، (ئیڤان تیمۆفێڤیچ)ی دارتاشی دراوسێمان نووسیبووی• خوا نەکا کەس نامەی‌وای بۆ بێت • ئیڤان بۆی نووسیبووم کەوا هەر لە حوزەیرانی چل‌و دوودا ئەڵەمانەکان کارگەی فڕۆکەکەیان بۆردمان‌کردو بۆمبایەکی گەورەش بەر خانووەکەی ئێمە کەوتبوو • ئێریناو کچەکان لەوکاتەدا لە ماڵەوە بووبوون •• ئیڤان نووسیبووی پرزۆڵیان لێ نەدۆزرایەوە ، لەجێی خانووەکەشمدا چاڵێکی قووڵ پەیدا

بوو •• نامەکەم تا کۆتایی بۆ نەخوێندرایەوە • بەرچاوم تاریك بوو ، دڵم گوشراو گیراو ئیتر نەکرایەوە • لەسەر قەرەوێڵەکەم درێژ بووم • تۆزێك ڕاکشام •• پاشان هەستامەوە نامەکەم تەواوکرد • ئیڤانی دراوسێمان نووسیبووی ئەنەتۆلیی کوڕم لەکاتی بۆردومانەکەدا لە شار بوو ، ئێوارە کە گەڕایەوە گوندو چاڵەکەی دی ، نەمایەوە • هەر بەوشەوە چوەوە بۆ شار • بەر لە ڕۆیشتنی بە منی دراوسێی گوت : دەچم داوا دەکەم لەسەر ئارەزووی خۆم بمکەن بە سەربازو بمنێرن بۆ مەیدانی شەڕ • ئەمەو هیچیتر ••

کە دڵم بەربوو هاژەی خوێن لە گوێمدا دەهات • هاتەوە بیرم کە چۆن ئیرینام لە وێستگەی شەفەندەفەرەکەدا بە هەزار مەینەت لێ جیا بووەوە •• دیارە هەر ئەوکاتە دڵی ئافرەتانەی خەبەری دابوویە کەوا جارێکیتر لەم دنیایەدا چاومان بە یەکتر ناکەوێتەوە، کەچی من ئەوکاتە پاڵم پێوەناو بە زۆر لە خۆمم دوورخستەوە •• ماڵو منداڵی خۆمم هەبوو • بە مەینەتی ساڵەها بۆم پێکەوە نرابوو ، بەڵام لە چاوترووکاندنێکدا هەموویم لەکیس چوو • بیرم کردەوە •• لە دڵی خۆمدا گوتم : ئیتر وا بێکەسو بێدەر بەتەنیا بۆ خۆم مامەوە • تۆ بڵێی ئەم ژیانە سەختەم خەو نەبێ ؟ • خۆ من کاتێ کە دیل بووم هەموو شەوێ لەبەرخۆمەوە قسەم لەگەڵ ئیریناو منداڵەکان دەکرد • هێزم دەدانەبەر ، ورەیانم بەرزدەکردەوە • پێمدەگوتن خەمم بۆ نەخۆن • دەمگوت « دەگەڕێمەوە بۆ ناوتان • من بەهێزم •• لە مردن

نایەم •• سەرلەنوێ پێکڕا یەکدەگرینەوە » • دیارە کەواتە مـن ئەو دوو ساڵە لەگەڵ مردووان دەدوام •

کابرا کە سەرگوزەشتەکەی خۆیی بۆ دەگـێڕامەوە ، تاوێـك بێدەنگ بوو • دوایی بە دەنگێکی کپی پچڕ پچڕ گوتی :

ـ براله ! با جگەرەیەك بکێشین • من وا خەریکە دەخنکێم •

سەرو جـگەرەمان کێشا • لـە دارستانـی نقومبـووی ناو ئاوەکەدا دارکونکەرەیەك بە دەنووك تەقەتـەق لە دارێـکی دەدا • شەماڵـی تین‌تێکەوتـوو گـوارەی وشـکی گوێی درەخـتەکانـی خـاو خـاو دەلەراندەوە • تەم‌و مژیش ڕووی زەویی شاردبووەوە • قەتارەی هەوری ڕەش‌و سپی بەئاسمانەوە دەدرەوشانەوە • دنیای بێبـار لەو دەمە بێدەنگە ماتەماوی‌یەدا خەریکی خـۆ ئامـادە کـردن بوو بـۆ پێشوازی لێ کردنی بەهاری مەزن ، بۆ پێ‌سەلماندنی سەرکەوتـنی هەمیشەیی زیندوێتی لە ژیاندا •

بێدەنگی زەحمەتبوو • لێم پرسی :

ـ ئەی پاشان چۆن ؟

بـە نەبـەدڵ دەستی‌کردەوە بـــە گێڕانـەوەی پاشـماوەی سەرگوزەشتەکەی :

ـ پاشان چۆن ؟ پشووی مانگێکم لە قوماندان وەرگرت • پاش هەفتەیەك گەیشتمەوە ڤەرۆنێژ • کوتەکوت بە پێ کوتام تا گەیشتمە

ئەو شوێنەی ژیانی خێزانیمم تێدا بردبوە سەر : چاڵێکی قووڵ ، پڕ له ئاوێکی ژەنگاوی ، چوار دەوری تا ناوقەد دڕكو قامیشــەڵان •• بێدەنگی‌یەکی خـامۆش بـاڵی بەســەردا کێشـابوو ، دەتگوت لـە گۆڕستاندای • ئاخ ، براله ! مەسەلەکه ئاسان نەبوو بۆم • تاوێك لەوشوێنەدا ڕاوەستام • خەمو پەژارە دڵمی داگرتبوو • نەمتوانی له تاقه سەعاتێك زیاتر تێدا بمێنمەوە • هــەر لەوێــوە گەڕامەوە بــۆ وێستگەی شەمەندەفەرو هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ ناو تیپەکەم •

پاش سێ مانگ تیشکی خۆشی لێی‌دام ، وەك خۆر له گۆشەی هەوری سیاوە سەردەربێنێ •• ئەنەتۆلیی کوڕمم دۆزی‌یەوە • له ناوچەیەکی‌تری شەڕەوە نامەیەکی بۆ نـاردم • له ڕێـگای (ئیڤـان تیمۆڤیێڤیچ)ی دراوسێمانەوە ناوو نیشانمی زانیبوو • لـە سەرەتادا له ئامۆژگای تـۆپچێتی پێ‌یان‌خوێنـدبوو • پاش ساڵێـك بـە پـلەی هەڵاوێردە ئامۆژگاکەی تەواو کردبوو ، لەوێوە ناردبـوویان بـۆ ناوچەی شەڕو ئەوەته لەوێشەوە نامــەی بۆ نووسیوم کـەوا پـلەی کاپیتانیان داوەتێو قوماندانی لقێ چـلو پێنجـە • شەش مەدالیـاو خەڵاتی هەیە • له هەموو سەرێکەوە پێـش دایكو بـاوکی خـۆی کەوتبوو • زۆرم شانازی بەوەوە دەکـرد • سەرلەنـوێ خۆشیی خستەوە دڵم • چۆن شانازیی پێوە نەکـەم • کوڕی مـن کاپیتانو قوماندانی لق بێ ، ئەمە گاڵته نی‌یه • سەرەڕای ئـەوە ئـەو هەمـوە مەدالیانەشی هەبێ • قەی‌ناکا بـاوکی شـۆفێری لـۆری‌یەو بۆمبـاو شت‌ومەکی‌تری جەنگی دەگوێزێتەوە • ئەو بەراوردی لەگەڵ باوکی

بێ ناکرێ • باوکی تازە لێبوەتەوە ، بەڵام ئەوی کاپیتان دوارۆژی ڕووناکە •

شەوان دەکەوتمە خەیاڵو ئاواتی پیرەمێردانە : لە دڵی خۆمدا دەمگوت : کە شەڕ تەواو بوو ، ژن بۆ کوڕەکەم دێنمو خۆیشم لە پەنای ژنو مێردی لاودا دەژیم • ئاگام لە منداڵەکانیان دەبێ • وردە وردەیەکیش خەریکی دارتاشی‌یەکەی خۆم دەبم • یەك پارچە خەیاڵاتی پیرەمێردانە لە کەللەی دابووم ، بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند • سەرلەنوێ ماتەمینی باڵی بەسەرمدا کێشایەوە • بە درێژایی زستان بێ‌پشوو هەر لە هەڵمەتو هێرش بردندا بووین بۆ پێشەوە • فریانەدەکەوتین زووزوو نامە بۆ یەکتری بنووسین • بەڵام کە شەڕ نزیکی کۆتایی هاتن بوەوەو گەیشتینە دەوروبەری بەرلین سەرلەبەیانی‌یەك نامەیەکم بۆ ئەنەتۆلی نارد • پاش ڕۆژێك وەڵامم پێ‌گەیشتەوە • یەکسەر تێگەیشتم کەوا هەرچەند خۆمو کوڕەکەم هەریەکە لە قۆڵێکەوە هاتووینەتە سەر پێتەختی ئەڵەمانیا ، بەڵام لەیەکەوە نزیکین • لەکاتێکا کە زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەوساتە بووم کە چاومان بە یەك دەکەوێتەوەو یەکدی دەبینینەوە ، سبەینێی ڕۆژی نۆی مایس ، ڕۆژی سەرکەوتن ئەنەتۆلیی کوڕم بوو بە گوللەی کەمینگرێکی ئەڵەمانی‌یەوەو کوژرا ••

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە فەرماندەی بەتالیۆنەکەمان بانگی کردم• دیم ئەفسەرێکی تۆپچیی لا دانیشتبوو • من نەمدەناسی • چوومە ژوورەکەی • لەبەرم ڕاستبوەوە ، وەك بڵێی لەبەر ئەفسەرێکی لە

خۆی گەورەتر هەڵدەستێ • فەرمـاندەی بەتالیۆنـەکەمان گوتـی : « فەرموو سۆکۆلۆف ! » و یەکسەر ڕووی بۆ لای پەنجـەرەکەوە وەرگێڕا • لەوکاتەدا وام هەسـتکرد کـەوا کارەبـا گرتمـی • لەخۆمەوە هات بە دڵمدا کەوا شتێك ڕوویداوە • ئەفسەرە میوانەکە هات بەلامەوەو وەك بەگوێمدا بچپێنێ بە دەنگـێکی کـپ گـوتی : « باوکی مەرد ! کاپیتان سۆکۆلۆفی کوڕت ئەمڕۆ بەسەر تۆپەکەیەوە کوژرا • فەرموو لەگەڵم ! » •

هۆشم لای خۆم نەما ، بەڵام توانیشم خۆم ڕاگیر بکەم • ئێستا ئەو ساتەم وەك خەو دێتەوە بەرچاو کە لەگەڵ ئەفسەرەکە بەسواریی ئۆتۆمۆبیلێکی گەورە بە شەقامی هەڵتەکاودا دەڕۆیشتین • تاڤۆیەك دێتەوە بەرچاوم ، سەرباز ڕیز بووبوون ، تابووتێـك لـە قەیفـەی سوورەوە پێچرابوو • ئاخ ، کوڕە نازدارەکەم ! چۆنم دیتیەوە ؟

چوومە لای تابووتەکەوە ، کوڕەکەمی تێدا ڕاکشابوو • لەویش نەدەچوو • کوڕەکەی من هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو • منداڵ ، ناوشان تەسك ، ملباریك •• کەچی ئەوەی ناو تابووتەکە لاوێـکی چوارشانە ، پیاوێکی قۆز ، چاوەکانی بەتەواوی نەنووقاندبوو ، وەك بڵێی بۆ شوێنێکی دوور بڕوانێ •• تەنیا لە سووچی لێوەکانیدا ، لـە پێڵووی چاوەکانیدا ڕەنگی منداڵەکەی جاران مابوو کە من گیرۆدەی خۆشەویستیی بووبووم •• ماچم کردو کشامە دواوە • ئەفسەرێـك وتاری‌دەدا • هاوڕێیانی کوڕەکەم چاویان دەسڕی • بەڵام تنۆکە

فرمێسکە نەهاتوە خوارەکانی من ، وا دیاربوو بەسەر دڵمەوە وشك بووبوونەوە . دەبێ وابێ ، بۆیە دڵم هێندە ژاندەکا !

لە غەریبی ، لە خاکی ئەڵەمانیای بیانیدا دوا هیواو دوا ئاواتی خۆم خستە چاڵ . تیپەکەی کوڕەکەم ماڵئاراییی یەکجارییان لە فەرماندەکەیان کرد . منیش وەك پارچەیەك لە لەشم بووبێتەوە وابوو .. بێهوش و خەفەتبار گەڕامەوە بۆ تیپەکەی خۆم .. زۆری ێنەچوو بەرەڵلایان کردم لە لەشکر . بۆ کوێ بچم ؟ قابیلە بچمەوە بۆ ڤەرۆنیز ؟ بە هیچ جۆرێ ناچمەوە ئەوێ . ئەی چی کەم ؟ کەوتەوە بیرم کەوا هاوڕێیەکم هەیە لە (ئووریووپینسك) زستانی ڕابوردوو بریندارکرابوو ، لەبەرئەوە بەرەڵلایان کردبوو لە لەشکر . ئەو هاوڕێیەم کاتی خۆی پێی گوتبووم بچمە لای ئەو . ئەوەم بیرکەوتەوەو چووم بۆ ئووریووپینسك .

هاوڕێکەم و ژنەکەی منداڵیان نەبوو . لە خانووی خۆیاندا دەژیان . خانووەکەیان کەوتبوە پەڕی شارەوە . هەرچەندە ئەو ماگانەی پەككەوتەیی وەردەگرت ، لە کارگەش شۆفێریی دەکرد . منیش هەر لەوێ دامەزرام . لە ماڵی هاوڕێکەم نیشتەجێ بووم . باش خزمەتیان دەکردم . هەموو جۆرە بارێکم دەگواستەوە . ئەوە بۆم بووە هۆی بینینی زۆر ناوچەی جیا جیا . پایزێ ناردیانینە سەر کاری گواستنەوەی خەرمانەگەنم . لەودەمەدا لەگەڵ کوڕە نوێکەم یەکترمان ناسی .. لەگەڵ ئا ئەوە کە لەو ناو خۆڵەدا یاری دەکات .

ڕێ‌دەکەوت کە لە کار دەگەڕایەوە بۆ شار خۆت دەکرد بە چێشتخانەیەکدا ، هەرشتێك دەسگیر بوایە لەبرسانا دەتخوارد • بێ‌گومان من پێکێکیشم بۆ حەسانەوە بەسەریدا هەڵدەقوڕاند • بەتەواوی خووم بەمەوە گرتبوو • جارێکیان ئەو منداڵەم لای چێشتخانەکەدا بینی • بۆ سبەینێ‌یش دیسانەوە چاوم پێی کەوتەوە • جلێکی شڕو دڕاوی لەبەردابوو • دەم‌و چاوی بە شووتی سواغ درابوو • تۆزو خۆڵی دنیای لێ نیشتبوو • سیاچارە ، بەڵام چاوەکانی وەك ئەستێرەی شەوی پاش باران دەدرەوشانەوە •• خۆشەویستیی ئەو منداڵەم هێندە کەوتە دڵ ، وام‌لێ‌هات کە لەسەر کار دەکەوتەوە بیرم پەلەم پێ دەکەوت کە زوو بگەڕێمەوە تا چاوم پێی بکەوێتەوە • بەوە تێر دەکرا کە هەریەکێ لە چێشتخانەکە شتێکی بخواردایە ، پاروویەکی دەدایە •

ڕۆژی چوارەم یەکسەر لە سەفخۆزەوە بە بارە گەنمەوە هاتمە بەر چێشتخانەکە • منداڵۆچکەکەم لەوێ بوو ، لەسەر پێپلکەی چێشتخانەکە دانیشتبوو قاچەکانی شۆڕ کردبووەوە ، لەوە دەچوو برسیی بێ • لە پەنجەرەی ئۆتۆمۆبیلەکەوە سەرم دەرهێنا • هاوارم لێ کرد : « ڤانیا هۆو ! خێراکە ، وەرە سوار بە• بەم لۆری‌یە دەچینە سەر خەرمان‌و پاشان دێینەوە بۆ ئێرە ، نان دەخوێن » • لە بانگ‌کردنەکەی من ڕاچڵەکی • لەسەر پێپلکەکەوە بازی دایە خوارەوەو لەسەرخۆ گوتی : « مامە ! چۆن دەزانی ناوم ڤانیایە ؟ » چاوەکانی گەش دەدرەوشانەوە • چاوەڕوانی دەکرد وەڵامی

بدەمەوە • پێم‌گوت : « من مرۆڤێکی دینـا دیـدەم‌و هەمووشتێـك دەزانم » •

هاتە لای دیوی ڕاستەوە • دەرگاکەم بۆ کردەوە • لەتەنیشت خۆمەوە دامنا • تۆتۆمۆبیلەکەم خستەوە گەڕ • منداڵێکی هێندە چالاك، کەچی لەپڕ مات‌و بێدەنگ بوو • کەوتە دەریای خەیاڵەوە • لەژێـر برژانگە درێژەکانیەوە تەماشای دەکردم‌و هەناسەی هەڵدەکێشا • بۆ دەبێ ئەو باڵندە خنجیلانەیە وا زوو فێری هەناسە هەڵکێشان بێ ؟ ئایا ئەمە کاری ئەوە • لێم‌پرسی :

ـ « ڤانیا ! باوکت لەکوێیە ؟ »

لە وەڵامدا بەئاستەم گوتی :

ـ « لە شەڕدا کوژرا » •

ـ « ئەی دایکت ؟ »

ـ « لە شەمەندەفەردا بووین بۆمبای بەرکەوت » •

ـ « لەکوێوە بۆ کوێ دەچوون ؟ » •

ـ « نازانم ، بیرم نی‌یە » •

ـ « ئەی لێرە هیچ خزم‌و کەست نی‌یە ؟ » •

ـ « کەس ! » •

ـ « شەو لەکوێ دەنوی ؟ » •

ـ « هەرکوێ بە نسیب بوو » •

فرمێسکی تاڵم هاتە کوڵ • بێ سێ و دوو بڕیارمدا : « ناهێڵـم ئەم بەرخۆلەیە بێ کەس لەناوبچێ • دەیـکەمە کـوڕی خـۆم » • فێنکی‌یەك دای لە دڵم و گەشامەوە • ڕووم تێ کردو بە دەنگێـکی ناسك لێم‌پرسی :

ـ « ڤانیا ! تۆ دەزانی من کێم ؟ »

هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی :

ـ « کێی ؟ »

هەر بەو ناسکی‌یە پێم گوت :

ـ « من باوکتم » •

خوایە ! ئەمە چی‌یە ڕوودەدا ؟ خۆی هەڵدایە سەر سنگم • دەستی کردە ملم • کەوتە ماچ کردنی ڕوومەتەکانـم ، لێوەکانـم و ناوچاوانـم • وەك سیسرگ دەیسیرانـد • ناسـك دەیقیژانـد : « بابە گیان ! دەمزانی ! دەمزانی دەمدۆزیتەوە •• هەر دەمدۆزیتەوە • من زۆرم چاوەڕوانی کردی کەی دەمدۆزیتەوە ؟ » باوەشی پێـدا کردبووم • وەك شۆڕەبی لەبەر ڕەشەبادا دەلەرزی • منیش بەرچاوم تاریك بـوو • گیانیشم هەمـوو دەلـەرزی • دەسـتم سـوکانی ئۆتۆمۆبیلەکەی نەدەگرت • نازانم چۆنم لەوکاتـەدا لـە دەسـت بەرنەبوو ؟ بەڕاسـتی خـۆم سەرسـامم • بـە ڕێـکەوت ماتـۆڕی

ئۆتۆمۆبیلەکەم لە ئاوی کەنار شەقامەکەدا کوژایەوە • تا تاریکاییی بەری چاوم ڕوون نەبوەوە ترسام لێ‌بخورپم ، نەوەك یەکێـك بـکەم بەژێرەوە • ئاوا پێنج دەقیقەیەك وەستام • کوڕەکەم بە هەموو هێزی هەر باوەشی پێدا کردبووم • دەنگی ئێوە نەدەهات • ڕاچـڵەکی • دەستی ڕاستم کردە ملی‌و بە خۆممەوە نووساند • بە دەستی چەپیشم سوکانەکەم وەرگێڕا ، بەرەو ماڵی خۆمـان لێـم‌خوڕی • هەمـوو ئیش‌وکارم خستە ئەولاوە •

ئۆتۆمۆبیلەکەم لەنزیك دەرگای ماڵەوە ڕاگرت • تازە کوڕەکەمم کردە باوەش‌و بردمە ژوورەوە • بەجۆرێ بە دەستە وردیلەکانـی باوەشی بە ملمدا کردبوو ، تا ژووری ژوورەوە بەری‌نەدا • ڕوومەتی خستبوە سەر ڕیشە زبرە نەتاشراوەکەم • ئا بەو شێوەیە بردمـە ژوورەوە • ژن‌و پیاوەی خاوەن ماڵ لە مـاڵ بوون • کـە چوومـە ژوورەوە چاوێکم لێ داگرتن‌و جا گورج بە گەرم‌و گوڕی‌یـەکەوە گوتم : « دڵو دەروون فراوانینە ! بەپیرمانەوە بێن ! » • هیچ‌کامیان مناڵی نەبوو ، یەکسەر تێگەیشتن مەسەلە چی‌یە • هەستانە سەر پـێ بەرەو پیرمان هاتن • فانیـا بە هیچ کلۆجێك لێم‌نەدەبوەوە ، بـەڵام ئاخری هەرچۆنێ بوو ڕازیم‌کرد لە باوەشم بێتە خوار • دەستەکانیم بە صابوون شت ، لەسەر کورسی‌یەك دامنا • ژنەی خاوەن‌ماڵ قاپێ شـۆربای بۆ تێ‌کرد • کە بینی چـۆن لەبرسـاندا هەڵی‌قوڕانـد ، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك بۆی • ئەو لای زۆپاکەوە وەستابوو بە بەرهەڵبێنەکەی چاوی دەسڕی • ڤـانیای مـن کە ژنـەکەی دی

دەگری ، ڕای کرد بەلایەوە ، پێی گوت : « پووریێ ! بۆچی دەگریت؟ باوکم لای چێشتخانەکەوە دۆزیمیەوە • دەبوو هەموو شادمان بن ، کەچی تۆ دەگریت ؟ » بەلاّم ژنە پتر فرمێسکی هەلڕشت •• بەرهەلبێنەکەی هەموو تەڕ بوو •

پاش نانخواردنی نیوەڕۆ کوڕەکەمم بردە سەرتاشخانە سەریمتاشی • خۆم لە ماڵەوە نامە تەشتێکو شتم • خاولییەکی پاکم

پێوە پێچا • ئەو وا باوەشی پێدا کردبووم هەر بەسەر دەستمەوە خەوی لێ کەوت • بە هێواشی لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵم‌خستو گەڕامەوە بۆ سەر کارو دەستم‌کرد بە گەنم بارکردن • ئۆتۆمۆبیلەکەم لای عەمارەکەوە ڕاگرتو بە ڕاکردن چووم بۆ بازاڕ ، بە پەلە پانتۆڵێکی خوری ، کراس ، بلووز ، پێڵاوم بۆ کڕی ، هەرچەند ئەوانەی من کڕیمن بۆی هەموویان بۆ ئەو گەورە بوونو جۆرێکی باشیش نەبوون ، تەنانەت ژنەی خانەخوێم لەسەر پانتۆڵەکە بەگژما هاتو گوتی : « کابرا تۆ دەڵێی شێت بووی • پانتۆڵی خوری بەم گەرمایە چۆن دەکرێتە بەری منالْ ؟ » و یەکسەر هەڵسا مەکینەی دروومانەکەی نایە سەر مێزەکەیو پارچەیەك کوودەریی لە سنووقێك دەرهێناو دوای سەعاتێك کراسێکی قۆڵ کورتو دەرپێیەکی بۆ تەواوکرد •

شەو لە تەنیشتیەوە پاڵ کەوتمو بۆ یەکەمجار لەو ماوە دوورو درێژەدا خەوێکی خۆشم کرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشەوە چوار جارێك هەڵستام • خەبەرم دەبوەوە ، دەمبینی لە بن‌باخەڵما وەك چۆلەکە لە بن‌باڵی دایکیدا مشە مشی بوو • بەڕادەیەك شادمان بووم لە گوتن نایەت • نەدەجووڵامەوەو نقەم لە خۆم بڕیبوو نەوەك خەبەری بێتەوە ، بەڵام زۆر خۆمم پێ نەگیرا • لەسەرخۆ هەستام ، شقارتەیەکم داگیرساند • هەرچەندم تەماشا دەکرد ، تێرم لێ نەدەخوارد •

پێش شەبەق هەڵستام • تێناگەم هیی چی بوو هەناسەم سوار بووبوو ؟ کوڕەکەم چەرچەفەکەی بەسەرەوە نەمابوو • لەسەر

پانایی قەرەوێڵەکە پاڵکەوتبوو • قاچەکانی درێژکردبوو خستبوونیە سەر ملم • نووستن لەگەڵیدا زەحمەت بوو ، بەڵام من لەگەڵی ڕاهاتبووم‌و بێ‌ئەو نەمدەکرا • شەوان تەماشام دەکرد نووستووە ، بۆنی قژیم دەکرد • خەم‌و پەژارە دڵی کردبووم بە بەرد ، بەڵام بە دیتنی ئەو دڵم نەرم دەبووەوە •

لە سەرەتادا کە دەچووم بۆ کار لەگەڵ خۆم دەمبردو لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا لەتەنیشت خۆمەوە دامدەنا • دوایی تێگەیشتم ئەمە ناکرێ • من خۆم بەتەنیا چیم‌دەوێ ؟ نان‌و پیازێکم بەسەو سەریاز تا ئێوارە هەر تێرە • بەڵام ئەو بەجۆرێکی‌کەیە • ئەو پێویستی بە شیرە ، پێویستی بە هێلکەیە • نابێ بێ شۆرباو بێ چێشتی گەرم بێ • ئەوشتانەش لەسەر کارەکەی من دەست ناکەون • ناچار بووم بە ڕۆژ لای ژنەی خاوەن ماڵ بەجێم‌دەهێشت • هەرچەند ئەوە بۆ من زەحمەت بوو ، بەڵام خۆم پێوە ڕاهێنا • ئەویش لە ماڵەوە تا ئێوارە دەگریا ، ئێوارانیش دەهاتە سەر ڕێ‌و چاوەڕوانی دەکردم ، تا دەرەنگانێك لەسەرم ڕادەوەستا •

لەسەرەتادا گەلێ زەحمەتم بەهۆیەوە تووش دەبوو • جارێکیان لەبەرئەوەی بە ڕۆژ زۆر ماندوو بووبووم ، هێشتا دنیا ڕووناك بوو پاڵکەوتین بنوین • ئەو لەژێر لێوەوە لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد • دەتگوت چۆلەکەیە جریوە جریویەتی • لەپڕ بێ‌دەنگ بوو • لێم پرسی :

ـ « ڕۆڵە ! ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە ؟ »

سەیرێکی بنمیچەکەی کردو ئەویش لە منی پرسی :

ـ « بابە ! ئەوە تۆ پاڵتۆ چەرمەکەت چی لێ کرد ؟ »

من لە هەموو ژیانمدا پاڵتۆی چەرمم نەبوە • ناچار بووم بەپێی پێویست وەڵامی بدەمەوە :

ـ « لە ڤەرۆنیژ بەجێم‌هێشت » •

لێی‌پرسیمەوە :

ـ « بابە ، ئەوە تۆ بۆچی ئەوەندە زۆر بەدوامدا گەڕایت ؟» •

ـ « ئاخر کوڕم من لە ئەڵەمانیا ، لە پۆڵۆنیا ، لە هەموو وڵاتی بێلە ڕووسیادا بەدواتدا دەگەڕام ، تۆ هەر نەبـووی ، کەچـی لـە ئووریووپینسك دۆزیمیتەوە » •

ـ « بۆ کامیان نزیکترن : ئووریووپینسك یا ئەڵەمانیا ؟ ئـەی پۆڵۆنیا لە ماڵی خۆمانەوە دوورە ؟ »

بەر لە نووستن ئەم جۆرە قسانەمان بۆ خۆمان دەکرد •

براله ! ڕەنگێ بێ تۆ لاتوابێ لەخۆڕایی ئەو پرسیارەی لەبارەی پاڵتۆ چەرمەکەوە کردبێ • وا نیـیە • پرسیـارەکەی لەخۆڕایـی نەبوو • ئەو پرسیارەی نیشانەی ئەوە بوو کە باوکی ڕاستەقینەی پاڵتۆیەکی‌وای بووەو ئەمیش لەبەریا بینیوەتی • بیری منداڵ وەك

شەبەقی هاوینان وایە • دەردەکەوێو لە ماوەیەکی کەمدا دنیـــا هەموو ڕووناك دەکاتەوەو ئیتر نامێنێ • بیری ڤانیاش وەك شـەبەقی هاوینە لەپڕ کاردەکات •

لەوانەبوو ساڵێکی‌کەش لە ئووریووپینسك بژیایایە لەگەڵ ئەو ماڵە ، بەڵام لە تەشرینی دووهەما تووشی بەڵایەك بووم : بەنـــاو گوندێکا تێدەپەڕیم ، شەقامەکەی قوڕو لیتە بوو ، ئۆتۆمۆبیلەکەم خلیسکا • لەوکاتەدا مانگایەك خەریك بوو دەپەڕی‌یەوە ، بـــەر ئۆتۆمۆبیلەکە کەوتو گلا • خۆت دەزانی لە حاڵی‌وادا ژنان دەکەونە قیژە قیژ • خەڵك کۆبوونەوە • بەڕێوەبەری گـوزەر پەیدابـوو • یەکسەر ڕوخسەت‌نامەی شۆفێری‌یەکەی لێ سەندمەوە • چەندم داوا لێ کردو لێی پاڕامەوە سـوودی نەبـوو • مانـگاکە ڕاست‌بووەوە • کلکێکی ڕاوەشاندو ڕۆیی • منیش بێ ڕوخسەت‌نامەی شۆفێری مامەوە • زستانێ دارتاشیم کرد • دوایی نامەم بۆ هاوڕێ‌یەکـی سەردەمی سەربازیم نارد کە لە ناوچەی ئێوە لە هەرێمی (کاشـار) شۆفێری دەکا • وەڵامی دامەوە • بانگی‌کردم بۆ لای خۆیان • بۆی نووسیوم وەرە ، لێرە شەش مانگێ دارتاشی دەکەیت‌و دوایـی ڕوخسەت نامەیەکی نوێی شۆفێریت دەدەنێ • ئەوەتە ئێستا لەگەڵ کوڕەکەم بە پـێ کەوتووینەتە ڕێ بۆ کاشار دەچین •

خـۆ ئەگەر ئـەو مەسەلەی مانـگایەش ڕووی‌نەدایە هـەر ئووریووپینسکم بەجێ‌دەهێشت • خەفەت ناهێڵێ ماوەیەکی درێـژ لە هیچ شوێنێکدا ئۆقرە بگرم • کە ڤانیام گەورە بوو کاتی ئەوەی

هات بچێتە قوتابخانە ، ئەوسا ناچار دەبم لە شوێنـێك بەیەكجاری نیشتەجێ ببم • ئێستا جارێ پێكەوە ڕووسیا دەگەڕێین •

گوتم : بەڵام لەوانەیە ئەو بە پێ ڕۆیشتنە بۆ ئەو زەحمەت بــێ •

ـ ئەو كەم بە پێ دەڕوات • زیاتر من هەڵی دەگرم • دەیكەمە قەڵاندۆشكانم‌و دەڕۆم • كە ئارەزووشی كرد دایدەگرم‌و لەســەر زەوی دایدەنێم • دەستدەكا بە ڕاكردن ، بازدەدا ، وەك كــارو بەرخ هەڵدەقونێ • براله ! ئەمە هەمووی هیچ نی‌یە • من بـیر لەوە دەكەمەوە كە تا سەر بۆی نامێنم • ئەوەتە فیچقەكانی دڵم لــە كەڵـك كەوتــوون‌و پێویستیان بە گۆڕینــە • جاری‌وا هەیە دڵــم بەجۆرێك دەگوشرێ ڕۆژی ڕوونــم لەپێش چــاو تاریكدادێ • دەترسم جارێكیان بەدەم خەوەوە بمرم ، كوڕەكەم خەبەری بێتــەوە خــۆی لــە بــاوەشی مردوویــەكدا ببینــێ‌و زەندەقــی بچێ • نەگبەتی‌یەكی‌تریش لـــەولاوە : زۆربــەی شـــەوەكان مــردووە خۆشەویستەكانم لە خەودا دەبینم • بە زۆری خۆم لەناو تەلبەندێكی دڕكاویدا دەبینم‌و ئەوانیش لەودیوەوە بە ئازادی • لەبارەی هەموو شتێكەوە لەگەڵ ئیریناو منالەكان دەكەومە قسە ، بەڵام هــەر كە دەمەوێ تەلبەندەكە بە دەست لابدەم ئەوان لێم دووردەكەونــەوە • لەپێش چاومدا وایە وەك بتوێنەوە • تو خوا ئەمە چەند سەیرە ! بــە ڕۆژ هەمیشە خۆم ڕادەگرم ، نە ئاخ‌و نە هەناسە هەڵناكێشم ، كەچی شەو بەخەبەردێم دەبینم فرمێسك هەموو سەرینەكەمی تەڕكردوە •

دەنگی سەوڵلێدانی هاوڕێکەم هات لە دارستانەکەدا •

میوانە نەناسیاوەکەم کـە بەتەواوی لە دڵـم نزیـك بووبووەوە هەڵستایە سەر پێو دەستێکی گەورەی وەك تەختە ڕەقی بۆ درێـژ کردم :

ـ براله ! بەدوعا • خۆشیت دەخوازم •

ـ هیوامە تۆیش بە خۆشی بگەیتە کاشار •

ـ سوپاست دەکەم •• ڕۆڵە هۆو !•• وەرە با بڕۆین •

ڤانیا بە ڕاکردن هات بۆ لای باوکی • لای ڕاستیەوە وەستـاو دەستی بە پەراوێزی کورتەکە لبادەکەی بەریـەوە گرت • بەدوای هەنـگاوە گـەورەو پیـاوانەکانی بـاوکیدا قاچـە وردیـلانـەکانی هەڵدەهێنایەوە •

دوو مرۆڤی کەس بۆ نەماو •• دوو دانە لم زریانی شەڕ ئاوارەی ئەم شارو ئەو شاری کردوون •• ئاخۆ چی‌یان لە چارە نووسراوە ؟ بیرم کردەوە ، لە دڵی خۆمدا گوتم ئەم کابرا ڕووسـە کابرایـەکی بەورەیە •• کـێو پشتی ناچەمێنێتـەوە •• ئـەو منداڵەش زۆر بـاش پەروەردە دەکاو پێی دەگەیەنێ • ئەویش کە گەورە بوو دەتوانێ هەموو بارێك بگرێتە سەرشان •• ئەگەر نیشتمان هاواری لێ کرد ، هەر کۆسپێك بێتە ڕێی لای بدا •

بە خەفەتێکی قورسەوە بە چاو دوایـانکەوتم •• لەوانەبـوو

جوێ‌بوونه‌وه‌یان به‌و شێوه‌یه دڵگیری نه‌کردمایه ، ئه‌گه‌ر ڤانیا پاش ئه‌وه‌ی چه‌ند هه‌نگاوێك دوور که‌وته‌وه ، ئاوڕی نه‌دایه‌ته‌وه‌و ڕووی بۆ لای من وه‌رنه‌گێڕایه‌و ، ده‌سته خنجیلانه په‌مه‌یی‌یه‌که‌ی هه‌ڵه‌ته‌کاندایه .. له‌پڕ چنگێکی نه‌رم ، به‌ڵام نینۆك درێژو تیژ دڵی گوشیم . له‌ناوا خێرا ڕووم وه‌رگێڕا . نه‌خه‌یر ! ئه‌و پیاوه کاملانه‌ی شه‌ڕ پیری کردوون‌و سه‌ریانی سپی کردووه ، ته‌نیا له خه‌ودا ناگرین ، له بێداریشدا گه‌روویان پڕه له قوڵپی گریان .. به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌یه بنیادەم له‌کاتی خۆیدا ڕوو وه‌رچه‌رخێنێ . له‌وه‌ش گرنگتر ئه‌وه‌یه دڵی منداڵ بریندار نه‌کا .. نه‌هێڵێ چاوی له‌وه بێ چۆن فرمێسکی گه‌رمی پیاوانه به ڕوومه‌تیدا دێته خوارێ .

وێنەکانی ناوەوەی کتێبەکە

ئی • گۆدین

و

ئۆ • ڤیرێیسکی

کردوویـانن

وێنەی سەربەرگەکەش

س • ترۆفیمۆڤ

کردوویـەتی

کتێبخانەی (شانـۆ) لە سلێمانی

بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی گرتوەتە ئەستۆ

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا

ژمارە (١٠٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ی دراوەتێ

МИХАИЛ ШОЛОХОВ

СУДЬБА ЧЕЛОВЕКА

Перевод с русского на курдский язык

АБДУРАХМАНА МАРУФА

Под редакцией

МУХАМЕДА МУЛЛЫ КЕРИМА

Багдад 1980г.

نرخی (۳۰۰) فلسه

چاپخانەی "الحوادث"

بەغـدا - ۱۹۸۰